# سیستمی دامەزراوەیی ڕێگای دووری بونیادنەوە کورت دەکاتەوە
# هێزی شاراوەی دامەزراوە جیاوازی نێوان جیهانی یەکەم و جیهانی سێهەمە





((جیاوازی نێوان کۆریای باکورو کۆریای باشـور لەوێنەی شـەوانەی مانگە دەسـتکردەکان بە ئاشکرا دیارە، کۆریای باکور بەتەواوەتی تاریکستانە و کۆریای باشور چراخانە، ئەمە چی دەگەیەنێت؟ ئەمە واتە ئەو هۆکارانەی بوونەتە هاندەر بۆ خەڵکەکە، ڕووناکی دروستکردووە، ئەم هۆکارە هاندەرانەش بەرهەمی دامەزراوەکانە))

تۆم .جی. پاڵمەر

جیاوازی نێوان کۆریای باکورو کۆریای باشور لەوێنەی شەوانەی مانگە دەستکردەکان بە ئاشکرا دیارە، کۆریای باکور بەتەواوەتی تاریکستانە و کۆریای باشور چراخانە

سیحری دامەزراوەکان چ جیاوازییەک دروست دەکات کە لە ئاسمانەوە رادیارە و کەس ناتوانێت بیشارێتەوە، بەڵام ئەو دامەزراوانە بەرهەمی دەوڵەتی یاسان

ئەو ئیدارەیەی کە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبات، ئیدارەی دیفاکتۆی دەوڵەتی یاسایە، ئەو یاسایانەی لەو هەرێمە دەردەچن، هۆکاری هاندەری تێدایە بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو هەرێمە بە ئازادی بژین




دامەزراوەکان ئەو سنورانەن کە مرۆڤ خۆی دروستی کردووە، ئەو سنورانە کارلێکی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگە ڕێکدەخات

**ئایا هەموو دامەزراوەیەک بەو ئاراستەیە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی تاک بەو ئاراستەیە هانبدات؟**

مەبەســـت لەدانانی ئـــەو گووتەیەی تۆم .جی .پاڵمەر کە لەدەســـپێکی ئەم راپۆرتە ئامـــاژەی پێدەکەین و هەر لەگەڵیشـــیدا ئەو وێنەیە بڵاودەکەینـــەوە کە بەرێگەی مانگی دەستکرد لە شەودا گیراوەو تیایدا راشـــکاوانە پیشـــانی دەدات،کە کۆریای باکور تاریکستانەو کۆریای باشور چراخانە بۆ دووخاڵی گرنگە:

١- بۆ ئەوەی بە خوێنەرانی خۆمان بڵێین مەبەســـتمان لە جیهانی یەکەم و جیهانی سێهەم، رۆژهەڵات و رۆژئاوا نییە، لەبەر ئەوەی ئەوەتا مانگی دەستکرد پیشانمانی دەدات کـــە جیهانـــی یەکـــەم و جیهانی ســـێهەم لەیەك وڵاتدا کۆکراوەتەوەو تەنها ٥٧ ساڵە بە ســـنورێکی وەهمی کە هێڵی پانی ٣٨ و پەرژینێکی تەلبەند لەیەکتری جیاکراونەتەوە.

٢- مەبەســـتمان ئەوەیە بـــە خوێنەرانی خۆمان بڵێین ســـیحری دامەزراوەکان چ جیاوازییەك دروست دەکات کە لە ئاسمانەوە رادیارە و کەس ناتوانێت بیشارێتەوە، بەڵام ئەو دامەزراوانە بەرهەمی دەوڵەتی یاسان، ئەو یاســـایانەی هاندەرن بۆ ئەوەی هێزی شاراوەی تاك بکەوێتە گەڕ و بتوانێت ئەو جیاوازییە گەورەیە دروست بکات.

ئەمە بۆ ئێمـــەش تارادەیەك زۆر گرنگە، لەبـــەر ئەوەی هەر ئەم پێوانەیەیە هەرێمی کوردســـتانی نـــاو لێنـــاوە ( عێراقەکەی دیکە، another Iraq)، راســـتە ئەم دەستەواژەیە لە قۆناخی دوای ئازادکردنی عێراق بووە دەســـتەواژەی ناو میدیاکانی رۆژئـــاوا، بەڵام پێش ســـاڵی ٢٠٠٣ یش هەر بەهەمان پێوانە هەرێمی کوردســـتان بە عێـــراق بەراورد دەکرا، هـــەر بۆنموونە رۆژنامەنووس شـــنایدەر لەســـاڵی ٢٠٠٢ راپۆرتێکی لە هەولێـــرەوە بۆ رۆژنامەی نیویۆرك تایمز ناردبـــوو، تیایدا بەمجۆرە هەرێمی کوردســـتانی بە عێـــراق بەراورد کردبوو ( لەســـەر هەموو ماڵێکی هەولێر ســـینیەکی ســـەتەلایت هەیە، لەکاتێکدا بەدووری تەنها ٢٠ کیلۆمەتر لە هەولێرەوە خەڵك لەســـەر سینیەکی ســـەتەلایت لە سێدارە دەدرێت) .شنایدەر بەم چەند وشەیە ویســـتوویەتی ئەم خاڵانە بە رای گشتی ئەمەریکا و جیهان بگەیەنێت:

• ئەو ئیدارەیەی ئێستا( مەبەستی ساڵی ٢٠٠٢ )ە، هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەبات ئیدارەیەکە بڕوای بەدیموکراتی و ئازادی رادەربڕیـــن هەیە، بەڵام ئەو ئیدارەیەی کە عێـــراق بەڕێوە دەبات( لەســـاڵی ٢٠٠٢) ئیدارەیەکـــی دیکتاتۆرییـــە و بڕوای بە ئازادی رادەربڕین نییە.

• ئەو ئیدارەیەی کە هەرێمی کوردســـتان بەڕێوە دەبات، ئیدارەی دیفاکتۆی دەوڵەتی یاســـایە، ئەو یاســـایانەی لـــەو هەرێمە دەردەچـــن، هۆکاری هانـــدەری تێدایە بۆ ئـــەوەی خەڵکی ئەو هەرێمـــە بە ئازادی بژین، بەشـــێوەیەك دامەزراوەکانی خۆیان بونیادناوە کە هاندەرە بۆ کرانەوەی ئابووری بازاڕ و ململانێی ئازاد.

مەبەستمان لە پێکەوە گرێدانەوەیەی کۆریای باکور و کۆریای باشـــور پێکەوەو هەروەها پێکەوە گرێدانەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق پێکەوە، بۆ ئەوەیە راشکاوانە و لەو دیاردانەوەی جیاوازە زەقەکان دروست دەکەن بەدوای ئـــەو هۆکارانـــە بکەوین کە ئەو جیاوازییانەیان دروســـتکردووە، پرۆفیسۆر دۆگلاس .ســـی .نـــۆرس لە باســـێکیدا بەنـــاوی ( دامـــەزراوەکان) هۆکاری ئەو دروســـتبوونی جیاوازی نێوان سیستمەکان دەگێڕێتەوە بۆ جیـــاوازی دامەزراوەکان، سەبارەت بەم پرسە دەڵێت: (( دامەزراوەکان ئەو ســـنورانەن کە مرۆڤ خۆی دروستی کردووە، ئەو سنورانە کارلێکی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگە رێکدەخـــات)) نۆرس لەم پێناســـەی بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، تەنها مەبەستی دامەزراوەکانـــی دەوڵـــەت نییـــە، بەڵکو

**ئایا دامەزراوەکان لە ژێر سەروەری یاسا دروست دەبن؟**



مەبەستی هەموو ئەو دامەزراوانەیە کە لەکۆمەڵگەدا بوونیان هەیە و دەبنە هاندەر بۆ ڕێکخستنی کارلێکی نێوان توخمە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش واتە دامەزراوەکان، هەموو دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و دامەزراوەی نا حکومیش دەگرێتەوە، هەر یەکەیان لە بوارێکدا هاندەر دەبن بۆ تاك بۆ ئەوەی هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ڕێز لە سەروەری یاسا بگرێت و هەوڵی ژیانێکی باشتر و پێشکەوتنی وڵاتەکەی بدات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەموو دامەزراوەیەك بەو ئاراستەیە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی تاك بەو ئاراستەیە هانبدات؟ سەبارەت بەم پرسیارە پرۆفسیۆر پاڵمەر لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی( ڕۆڵی دامەزراوەکان و یاسا لە پەرەپێدانی ئابووری ) دەڵێت: ئێستا بایەخدانی بیرمەندان و سیاسەتسازان لەسەر ڕۆڵی یاسا لە بونیادی دامەزراوەکان و ڕۆڵی دامەزراوەکان لە دارشتنی پەرەپێدانی ئابووری چڕبۆتەوە)، کەواتە هەڵوەستەکردن لەسەر ڕۆڵی یاسا لە بونیادی دامەزراوەکان ئەو خاڵە گرنگەیە، ئایا دامەزراوەکان لە ژێر سەروەری یاسا دروست دەبن؟ یان بە یاسایەك کە دەوڵەت



بەباشی دەزانێت بەپێی ئەو یاسایەی خۆی بەباشی دەزانێت دامەزارەوەکان بونیاد بنرێن؟ ئەگەر دامەزراوەکان لەژێر سێبەری سەروەری یاسا دابمەزرێن واتە ئەو دامەزراوانەی کە سیستمی لیبرالیزم بونیادی ناوەو بەشدارییەکی مێژووی گەورەشی لە خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتیدا کردووە، بەڵام ئەو دامەزراوانەی بەپێی یاسای دەوڵەت بونیاد دەنرێن نەیتوانیوە ئەو بەشدارییە لە خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتیدا بکات، ئەمە خاڵێکی گرنگە کە شێوە جیاوازەکانی دامەرزاوەکانی هەر کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەیەکی دیکە جیا بکەینەوە، سەبارەت بەم جیاکردنەوەیە پرۆفیسۆر پاڵمەر دەڵێت: (( لیبرالیزم بەرێگەی بواردان و دیاریکردنی گروپێك دامەزراوە یاسای دروستکردووەو پشتگیری لە سەروەریی یاسا کردووە بۆ ئەوەی لە پەیوەندی نێوان لیبرالیزم و ئەو دامەزراوانە تێبگەین)) ئەمەش واتە:

١- دامەزراوەکانی سیستمی لیبرالی بۆ بەرژەوەندی (سنوردارکردنی دەسەڵاتی حکومەت) کار دەکات، بەڵام دژی حکومەت نییە، کەواتە سنوردارکردنی دەسەڵاتی حکومەت لەگەڵ دژایەتیکردنی دەسەڵاتی حکومەت دووشتی لێکجیاوازن، پاڵمەر دەڵێت: تیرۆریستان و تێکدەران کە مەبەستیانە ژیان تێکبدەن دژی حکومەتن و ئامانجیان ئەوەیە کە حکومەت لاواز بێت، بەڵام لیبرالییەکان کە داوای (( سنوردارکردنی دەسەڵاتی حکومەت)) دەکەن، هەوڵی تێکدانی حکومەت نادەن، بەڵکو حکومەت بەهێز دەکەن و دەیانەوێت حکومەت کۆمەڵێك ئەرکی دیاریکراوی بەرز بەشێوەیەکی چالاکانە جێبەجێ بکات.

٢- ئەوەی هاندان یان حافزی دامەزراوەکان سڕدەکات یان ڕێگە نادات ئەو دامەزراوانە بەشێوەیەکی کاریگەر لە کۆمەڵگە ڕۆڵیان هەبێت، ئەو دەسەڵاتانەیە کە سنوردارکردنی دەسەڵات بە دژایەتی حکومەت لە قەڵەم دەدەن، ئەمەش واتە ئەو کارەی پێویستە ڕێکخراوێکی ناحکومی بیکات، نابێت هەرگیز حکومەت بیکات، حکومەت خۆی پێی هەڵدەستێت.هەر بۆ نموونە مۆنۆپۆڵکردن و دانانی کۆت و بەند لەسەر بازرگانی ئازاد ئەمە کاری حکومەت نییە، بەڵکو کاری ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییە و نابێت حکومەت ئەو کارە بکات، یان هەندێك لەو خزمەتگوزارییانەی پێویستە کەرتی تایبەت پێشکەشی هاوڵاتیانی بکات و باشترە کەرتی تایبەت ئەو کارە بکات، بەڵام حکومەت خۆی پێی هەڵدەستێت، ئەمانە دەبنە هۆکاری ئەوەی هاندەر یان حافزی کارکردن، داهێنان سڕ بکرێن و سەرەنجام لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی سلبی ڕەنگدانەوەی دەبێت.

٣- لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییەی ماکس ڤێبەر لە سیستمی ئیداری دەوڵەت دروستیکرد و بیرۆکراسیەتی سلبی لەناو هەیکەلی دەوڵەتدا گۆڕی بۆ بیرۆکراسیەتی ئیجابی، کە بەداخەوە هەتا ئێستاش لە ڕۆژهەڵات و تەنانەت لە وڵاتی خۆمان هەردوو لایەنی سلبی و ئیجابی بیرۆکراسییەت تێکەڵ دەکرێت و بیرۆکراسییەت بەمانای ڕۆتین و دواخستنی کاری هاوڵاتیان دەخوێنرێتەوە، بەڵام بیرۆکراسییەتی ئیجابی نیشانەی ئەوەیە کە دامەزراوەکانی دەوڵەت لە چوارچێوەی سەروەری یاسا کاردەکەن و هاندەرە بۆ تاك بۆ ئەوەی هەموو توانا شاراوەکانی خۆی بەگەڕبخات، هاندەرە بۆ تاك بۆ ئەوەی مافی خاوەندارییەتی موڵکییەت و موڵکییەتی فیکری هەبێت، واتە دامەزراوەکان هاندەرن بۆ ئەوەی سەرمایەیەکی مەعریفی لە کۆمەڵگە کۆبێتەوەو ئەم سەرمایەیە بە ئاسانی و هەموو کەس نەتوانێت ڕەفتاری پێوە بکات، پرۆفیسۆر (گوێل مۆکیر) سەبارەت بە کاریگەری بونیادی سەرمایەی مەعریفی لە کۆمەڵگە ئەو پرسیارە دەوروژێنێت : بۆچی ئەڵمانیا لە زیمبابۆی دەوڵەمەندترە؟ پرۆفسیۆر مۆکیر لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێت : (( تەنها هۆکارێك کەوایکردووە ئەڵمانیای ئێستا لە زیمبابۆی دەوڵەمەند تر بێت، ئەوەیە ئەو سەرمایە مەعریفیەی لە ئەڵمانیا بەکارهاتووەو سوودی لێوەرگیراوە، لە زیمبابۆی سوودی لێوەرنەگیراوە، ئەگەر هەوڵبدرێت لە زیمبابۆیش بە هەمان شێوەی ئەڵمانیا ئەو سەرمایە مەعریفیە بەکاربهێنرێت و سوودی لێوەربگیرێت ئەوا ئیدی ئەو جیاوازییە لە کاتێکی تاڕادەیەك کورت لە نێوان ئەڵمانیا و زیمبابۆی نامێنێت))، ئەم گوتەیەی مۆکیر دەمانباتەوە بۆ

**دامەزراوەکانی سیستمی لیبرالی بۆ بەرژەوەندی (سنوردارکردنی دەسەڵاتی حکومەت) کار دەکات**

**لیبرالییەکان کە داوای ((سنوردارکردنی دەسەڵاتی حکومەت)) دەکەن، هەوڵی تێکدانی حکومەت نادەن، بەڵکو حکومەت بەهێز دەکەن و دەیانەوێت حکومەت کۆمەڵێک ئەرکی دیاریکراوی بەرز بەشێوەیەکی چالاکانە جێبەجێ بکات**

**لە کۆریای باشور سەرمایەی مەعریفی بۆ خۆشگوزەرانی خەڵک خراوەتە گەڕ**

**خەڵکی کۆریای باکور خەریکی پاراستنی سیستمی (کیم یونگ)و چەپڵە رێزانن بۆ بومبە ئەتۆمییەکانیان کە نەک هەر هەڕەشەیە بۆ سەر وڵاتەکەی خۆیان بەڵکو هەڕەشە بۆ سەر مرۆڤایەتی**

جیاوازی نێوان کۆریای باکور و کۆریای باشور، ئەگەر لێرەدا هەمان پرسیار دووبارە بکەینەوە ئایا بۆچی لەناو یەك دەوڵەتی دابەشکراودا، بەشە باکورییەکەی هەژارن و بە جیهانی سێیەم لە قەڵەمدەدرێن و بەشە باشورییەکەی دەوڵەمەندن و بەجیهانی یەکەم لە قەڵەم دەدرێن؟ بێگومان وەڵامی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەعریفەیەی کە دامەزراوەکانی کۆریای باکور و باشور هەڵدەسەنگێنێت، لە کۆریای باشور سەرمایەی مەعریفی بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك خراوەتە گەڕ، بۆیە خەڵکی کۆریای باشور بەردەوام و هەتا ئێستا رۆژانە خەریکی بونیادنانەوەی وڵاتی خۆیان و پێشخستنی وڵاتی خۆیان و خەڵکی کۆریای باکور خەریکی پاراستنی سیستمی (کیم یونگ)و چەپڵە رێزانن بۆ بومبە ئەتۆمییەکانیان کە نەك هەر هەڕەشەیە بۆ سەر وڵاتەکەی خۆیان بەڵکو هەڕەشە بۆ سەر مرۆڤایەتی.

ئەم جیاوازییانەی کە شێوازی دامەزراوەکان بەرهەمی دەهێنن، جیاوازی نێوان ئەو سەرمایەیە مەعریفیانەمان پیشانددا کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە( بەحکومی و ناحکومییەوە) هەڵدەسوڕێنن، ئەگەر لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەك بکەین و بەراوردێك لە نێوان ئەو کتێبانە بکەین کە لە کۆریای باکور و باشور چاپدەکرێن و بڵاو دەکرێنەوە، هەست دەکەین هیچ خوێنەرێك نییە نەزانێت کە ناوەڕۆکی ئەو کتێبانەی لە کۆریای باکور چاپ دەکرێن باسی چیدەکەن، ئەمە نەك هەر لەبواری سیاسیی بەڵکو لە بواری سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیش، ئەمەش وەك ئەوەی پرۆفیسۆر نۆرس لە پێناسەی دامەزراوەکان ئاماژەی پێکردووە، دامەزراوەکان کارلێکی نێوان باری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناو کۆمەڵگە رێکدەخەن، لەبەر ئەوەشی لە کۆریای باکور کارلێکی نێوان دامەزراوە سیاسیی و ئابوورییەکان بەوشێوەیە رێکخراون کە لە خزمەتی سیستمی کیم یۆنگدا بێت، کارلێکی سیاسیی و ئابووریش کە بەو شێوەیە رێکخرابن، ئەوا بەهەمان ئاستە کاریگەری لەسەر باری کۆمەڵایەتیش دەبێت، کارلێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەوجۆرە رێکدەخرێن کە سەرەنجام بکەوێتە خزمەتی سیستمە سیاسییەکە نەك خزمەتی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگە، بۆیە ئاساییە بزانین

**ئەو سنورانەی کە دامەزراوەکانی کۆریای باکور دروستی دەکەن بریتی دەبن لە:**


أ- سنوردانان بۆ ئازادییەکان و رێگرتن لە ئازادی رادەربڕین و پارتی سیاسیی و رۆژنامەگەری ئازاد.

ب- سنوردانان بۆ بازاڕ و قۆرخکردنی ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە.

ت- پێشێلکردنی مافی خاوەندارییەتی موڵکییەتی تایبەت و خاوەندارییەتی موڵکییەتی فیکری.

ث- رێگرتن لە داهێنان و پیرۆزی کارکردن لە ژێر ناوی سۆشیالیستی و بڕوابوون بە یەکسانی...هتد.

بەپێچەوانەوە لە کۆریای باشور لەبەر ئەوەی سەرمایەی مەعریفی لە هەڵسوڕانی دامەزراوەکان بۆ داهێنان و پیرۆزی کار سوودی لێوەرگیراوە، دەبینین ئەم مەعریفەیە حکومەتی کۆریای باشوری ناچارکردووە کە هەنگاو بەهەنگاو کەموکورتییەکانی دیموکراتی و ئازادی چارەسەر بکات، راستە کۆریای باشور لە شەستەکانی سەدەی رابردوو بەرێگە پارك چانگ کە کودەتای بەسەر سینگمان رەی کرد هاتە دەسەڵات و پرۆسەی بونیادنانەوەی کۆریای باشوری دەستی پێکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی پارك چانگ بڕوای بەوە هەبوو کە پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێویستی بەو دامەزراوانە هەیە کە هاندەربن بۆ ئەوەی خەڵك توانای شاراوەی خۆی بخاتە گەڕ و کاری لا پیرۆزبێت و داهێنان بکات، ئەوا لەگەڵ دروست بوونی ئابووری بازاڕ و ململانێی بازار و تێکەڵاوبوونی ئابووری کۆریای باشور لەگەڵ ئابووری جیهان،گەلی کۆریای باشور هەستیان کرد کە بەرەو پێشەوە چوونی زیاتر پێویستی بەکرانەوەی زیاتر و رێزگرتنی ئازادییەکان و ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەگەری ئازاد و چالاکی سیاسیی ئازادانە هەیە، ئەمە پێمان دەڵێت ئەو گۆڕانکارییانەی سیستمی دامەزراوەیی لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆریای باشور دروستیکرد، کارلێکی لە دامەزراوە سیاسیی و حکومییەکان و جارێکی هەرسێکیانی پێکەوە رێکخستەوە سنوری تازەی بۆ کارکردنی دامەزراوەکان دروستکردەوە، ئەمە وایکرد لە دەسەڵاتێکی کودەتای سەربازییەوە هەنگاو هەڵبگیرێت بۆ سیستمێکی دیموکراتی، ئەوجا لەبەر ئەوەی دامەزراوە ئابوورییەکانی کۆریای باشور لەسەر بنەمای سیستمی لیبرالی ( مۆدێلی ژاپۆنی) بونیادنرابوون، بۆیە وەرچەرخانی لە دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراتی راستەوخۆ گواستەوە بۆ سیستمی لیبراڵ –دیموکراتی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەسەڵاتی ئێستای کۆریای باکور بە هاوشێوەی دەسەڵاتی پارك چانگ لە باشور هەمان گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین نەخێر ئەو گۆڕانکارییەی بەسەردا نایەت لەبەر ئەوەی پارك چانگ بڕوای بە ئابووری بازاڕو ململانێی بازاڕ هەبوو، بۆیە ئەگەر کیم یۆنگ بیەوێت گۆڕانکاری ئابووریش بکات لە کۆریای باکور مۆدێلی چینی دووبارە دەکاتەوە نەك مۆدێلی ژاپۆنی یان کۆریای باشور، هۆکاری ئەم مەزندەیەش ئاسانە لەبەر ئەوەی کیم یۆنگ بڕوای بەوە نییە ئابووری دەوڵەت بگۆڕێت بۆ ئابووری بازاڕ، لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر ئابووریش لە دەوڵەت وەربگیرێتەوە نایخاتە دەستی بازاڕ، بەڵکو دەکەوێتە دەستی سەرکردەکانی حزبی کرێکارانی کۆریای باکور وەك چین لە گەندەڵیدا غەرق دەبێت.




## جیاوازییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق

کەس ناتوانێت نکۆڵی لەو پێشکەوتنانە بکات کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە و لە بەشەکانی دیکەی عێراق بونیان نییە، بەڵام پرسیاری ئێمە لەم راپۆرتە لەسەر ئەو پرسە نییە ئایا جیاوازییەکان بونیان هەیە نە ؟، بەڵکو پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا جیاوازییەکان، جیاوازی نێوان جیهانی سێهەم و جیهانی یەکەمە؟ یان جیاوازییەکان لە نێوان ئاستی پێشکەوتنی دەوڵەتانی جیهانی سێهەمە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ناکرێت بەرەهایی و بەبەڵێ یان نەخێر وەڵام بدرێتەوە، بەڵکو پێویستی بەهەڵوەستە کردنێك هەیە کە بواری ئابووری و سیاسیی لەیەکتری جیابکەینەوەو لەسەر ئەو هۆکارانە هەڵوەستە بکەین بۆچی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بە هاوسەنگی کارلێکی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی رێکنەخستووە، بۆیە لەم خاڵەوە دەکرێت بڵێین لەرووی سیاسییەوە جیاوازی نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق جیاوازی نێوان جیهانی یەکەم و جیهانی سێیەمە، ئەگەر سەیری هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩ بکەین و لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ٧ی مارتی ٢٠١٠ی عێراق بەراوردی بکەین، دەبینین هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەمموز وێرای بوونی جیاوازی و کەمی و زۆری دەنگەکان، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا پەرلەمانێکی کارا و حکومەتێکی ئیئتیلافی فراوان پێکهات و ئۆپۆزسیۆنێکی کاراش لە پەرلەمان دروست بوو، بەڵام لەبەغدا هەر دوای راگەیاندنی ئاکامەکانی دەنگدان توندوتیژی و تەقینەوەکان دەستی پێکردەوە، ئەگەر بەراوردەکەش لەسەر بارودۆخی هەڵبژاردنەکانی ٧ی مارتی ٢٠١٠ بکرێت کە هەرێمی کوردستان بەشێك بووە لە هەڵبژاردنەکان و بەچەند لیستێکی جیاوازیش هەرێمی کوردستان بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا کردووە دەبینن، دیسان بارودۆخی دوای هەڵبژاردنەکانی ٧ی مارتیش لە رووی سیاسییەوە کوردستان وەك جیهانی یەکەم لە عێراق وەك جیهانی سێیەم جیادەکاتەوە، دەبینن هاوپەیمانی و یەك دەنگی لیستەکانی کوردستان( بەهەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانەوە) لەسەر بەرژەوندییە باڵاکانی کوردستان رێککەوتوون وەك یەك تیم دەچنە بەغدا، بەڵام هەموو مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە زۆر زەحمەتە لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە ئاسانی و بەبێ هاتنە ناوەوەی لایەنی سێیەم بتوانن هاوپەیمانی بکەن و حکومەت پێکبهێنن.

بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریشەوە بەراوردی نێوان کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق بکەین، دەبینن راستە لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە جیاوازی هەیەو لە کوردستان توانراوە یاسای باری کەسێتی هەموار بکرێت و لە عێراق جارێ ناتوانرێت باس بکرێت، راستە لە کوردستان زەمینەیەکی باشتر لە بەشەکانی دیکەی عێراق بۆ پەرەپێدان و جموجوڵی ئابووری رەخساوەو جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی عێراق، بەڵام جیاوازییەکانمان لە هەردوو بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی جیاوازی نێوان جیهانی یەکەم و جیهانی سێیەم دروست ناکات، بەڵکو پێشکەوتنەکانمان لە سنوری بازنەی جیهانی سێهەم ناچنە دەرەوەو هەتا ئێستا نەمانتوانیوە، بەبێ پشت بەستن بە داهاتی نەوت ئابووری خۆمان لەسەر توانای مرۆیی خەڵکی کوردستان بونیاد بنێنەوە، ئەمە خاڵێکی گرنگە و ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە تائێستا نەمانتوانیوە سەرمایەیەکی مەعریفی ئەو تۆ لە ناو کۆمەڵگە بونیاد بنێن کە بەسوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هاوشانی پێشکەوتنە سیاسییەکانمان بکاتەوە.

**پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێویستی بەو دامەزراوانە هەیە کە هاندەرین بۆ ئەوەی خەڵک توانای شاراوەی خۆی بخاتە گەڕ و کاری لا پیرۆزبێت و داهێنان بکات**

**لەرووی سیاسییەوە جیاوازی نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق جیاوازی نێوان جیهانی یەکەم و جیهانی سێیەمە**



هارۆڵد هۆڵمان بۆ گوڵان:

# تەکنەلۆژیا قۆناغی بونیادنانەوە کورت دەکاتەوە، بەڵام بەبێ بوونی سەروەریی یاسا و سیستمی دامەزراوەیی ناتوانێت رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت

**پرۆفیسۆر هارۆڵد هۆڵمان ئوستادی زانستی سیاسەت و ئابووری سیاسییە لە زانکۆی میریلاند، لە ساڵی ١٩٧٦یش لەزانکۆی ماسیۆشیتد بڕوانامەی ماستەری لەپلاندانانی شاردا (city planning) وەرگرتووە، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی دامەزراوەکان و سیستمی دامەزارەوەیی لە پرۆسەی پەرەپێدان و قۆناغی بونیادنانەوەی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوودا، پرۆفیسۆر هۆڵمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



*** بۆچی سیستمی دامەزراوەیی بە هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو دادەنرێت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتنی پرۆسەی بەرەوپێشچوون و گەشەپێدان پێویستی بە بوونی سیستمێکی دامەزراوەیی سەقامگیر هەیە، پێویستی بە چەسپاندن و پتەوکردنی سەروەریی یاسا هەیە، پێویستی بە جێگیرکردنی مافی موڵکدارێتی هەیە.

*** هەندێ لە شارەزایان، بە تایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا باوەڕیان وایە سیستمی دامەزراوەیی هۆکارێکە بۆ گەڕاندنەوەی نرخی کارکردن، یاخود تەقدیرکردن کار و پشتیوانیکردن لە داهێنان و مافی موڵکداری، ئایا تا چ رادەیەك ئەم سیستمە دەبێتە هۆی چالاککردنی تاکەکەسەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتن لە کۆمەڵگەدا؟**

- هاوڕام لەگەڵ ئەم لێکدانەوە و تێڕوانینەدا، هەروەها باوەڕم وایە بەیەکداچوونێك هەیە لە نێوان سیستمی دامەزراوەیی کە پاڵنەرەکانی خستنەگەڕی پرۆژەکانی کار و بازرگانی و نوێگەری لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئەو کولتوورەی کە هانی سوود وەرگرتن لە دەرفەتە رەخساوەکان دەدەن، کەواتە بەیەکداچوونێك لە نێوان ئەم دوو بوارەدا هەیە، بە مانای ئەوەی ئەم دوو بوارە یەکتر تەواو دەکەن. بە تێڕوانینی من کارکردن بۆ چەسپاندنی سەروەریی یاسا لەم رووەوە گرنگیەکی زۆر گەورەی هەیە.

*** ئێمە دەزانین سیستمی دامەزراوەیی و پرۆسەی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجی کاریگەریان لەسەر خێراترکردن و باشترکردنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای سەردەم پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە کورت دەکاتەوە یاخود خێراتر دەکات؟**

- بە دڵنیاییەوە تەکنەلۆجیا دەتوانێت ئەم قۆناغە کورت بکاتەوە و یارمەتیدەر بێت لە خێراترکردنی رەوتی گەشەکردن، بەڵام تەکنەلۆجیا لە غیابی مەرجەکانی دیکەدا، یاخود بڵێین لە غیابی سەروەریی یاسا و

سیســـتمی دامەرزاوەیی و کولتوورێکی پاڵپشـــتدا رۆڵێکی ئەوتۆ نابینێت، واتە تـــۆ دەتوانیـــت تەکنەلۆجیا لـــە دەرەوە هاوردە بکەیت، بـــەڵام ئەم تەکنەلۆجیایە ناتوانێت هاوکار و یارمەتیدەر بێت ئەگەر هاتوو پێشـــمەرجەکانی لـــە ئارادانەبن، ئەو پێشـــمەرجانەی لەســـەرەتاوە ئاماژەم پێکردن.

*** ئەگەر ئێمە بەراوردی نێوان پرۆسەی بنیاتنانـــەوەی وڵاتانـــی دوای جەنگی جیهانی دووەم بکەین، ئەو راستیە بەدی دەکەیـــن کـــە وڵاتانی کۆریـــا، یابان و سەنگافورە بە چەشنێك گەشەیان کردووە کە رێژەی داهاتی تاکەکەس لەم وڵاتانەدا ســـەد هێندەی رێژەی داهاتی تاکەکەسە لە وڵاتانی ئەفریقیادا، ئەمە لە کاتێکدا وڵاتانی ئەفریقیاش لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا دەســـتیان بە پرۆســـەی گەشـــەپێدان و ئاوەدانکردنەوە کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سیحری سیستمی دامەزراوەیی چیە کە بۆتە هۆی دروستکردنی ئەم جیاوازیە؟**

- ئەمە پرســـیارێکی زۆر باشە، بەڵام بە داخەوە شارەزاییەکی زۆرم نییە بۆ ئەوەی بتوانم بـــە تەواوەتی وەڵامی بدەمەوە، بە شـــێوەیەکی گشـــتی رەنگە بتوانم ئەوە بڵێـــم کە ئەگەری ئـــەوە هەیە هۆکاری ســـەرکەوتنی ئەم پرۆســـەیە لە وڵاتانی یابـــان و کۆریا و ســـەنگافورەدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کـــە کولتوورێك لەم وڵاتانەدا هەیە پاڵپشـــت و یارمەتیـــدەرە، هەروەها دەکرێت بڵێین بوونی سیستمی پەروەردەیی پێشـــکەوتوو و ســـەرکەوتنی هەوڵەکانی چەسپاندنی سەروەیی یاسا لەم وڵاتانەدا یەکێکی دیکەن لە هۆکارەکان.

*** زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بە دەست بیرۆکراتیەتێکی سلبیەوە دەناڵێنن، ئایا چۆن دەکرێت بیرۆکراتی لەم وڵاتانەدا بگۆڕدرێت بۆ بیرۆکراتیەتێکی ئیجابی؟**

- رەنگـــە بتوانرێت بەهۆی ســـەپاندنی ســـەروەریی یاســـا و چاندنـــی بەها و پێوەرە پێشـــەییە بەرزەکانـــەوە، هەروەها دەکرێـــت بەهـــۆی دابینکردنی داهات و مووچەیەکی گونجاو بۆ فەرمانبەران، بە چەشـــنێك ناچار نەبن پەنا بۆ بەرتیل و کار و رەفتاری دیکەی نەگونجاو لەگەڵ وەزیفەکەیانـــدا ببـــەن، کار بۆ هێنانەدی ئـــەم ئامانجە بکرێت. لە لایەکی دیکەوە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت کە پاراســـتنی سەروەرت و سامانی گشتی و پاراستنی نەزاهـــەت لە ئەداکردنـــی وەزیفەدا وەك رەوشت و ئاکارێکی بەرز سەیر بکرێت.

*** لەو وڵاتانەی سیستمی دامەزراوەیی پیادە دەکەن ئاســـتی گەندەڵی نزمە، ئایا چۆن ئەم سیســـتمە یارمەتیدەر دەبێت لە کەمکردنەوەی گەندەڵیدا؟**

- لە راســـتیدا ئەمە بەشێکی پەیوەستە بە سیستمی باڵادەست لە کۆمەڵگەکەدا، بەشـــێکیش پەیوەســـتە بـــە کولتووری کۆمەڵگەکەوە، بۆ نموونە ئێوە لە وڵاتانی ئەوروپـــای رۆژهەڵاتـــی بڕوانـــن، ئەو وڵاتانەی پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی ســـۆڤیەتدا بوون، کە بانگەشـــەی ئەوە دەکرێت لەم وڵاتانەدا کار بۆ هێنانەئارای دیموکراســـیەتی لیبراڵی کـــراوە، بەڵام گەندەڵی تێیاندا بە شـــێوەیەکی بەرچاو لە ئارادایە، بە تایبەتی لە ناو بەرپرســـە گەورەکانـــدا، ئەمـــە بۆ ئـــەو کولتوورە دەگەڕێتەوە کە بوونی لەم کۆمەڵگەیانەدا هەیە، پێموایە دەکرێت لەم رووەوە پەنا بۆ گرتنەبەری ئەو رێو وشـــوێنانە ببەین کە لە وەڵامی پرسیاری پێشـــوودا ئاماژەم پێکرد.

*** ئایا ئەو هـــۆکارە چیە کە گەورەترین رۆڵ دەبینێت لە پرۆســـەی گەشەپێدان و بەرەوپێشچووندا؟**

- دمەوێت ئامـــاژە بەوە بکەم کە بوونی دامەزراوەکان لەم روەوە زۆر گرنگن، لەبەر ئەوەی ئـــەم دامەزراوانە پاداشـــتی ئەو کەسانە دەدەنەوە کە ئەرکەکانیان بە باشی ئەدا ئەکەن و ســـزای ئەو کەسانە دەدەن کە بە پێچەوانەوە رەفتار دەکەن. هەروەها سیستمی پەروەردەش لەم رووەوە گرنگی خۆی هەیە، کە لێرەدا مەبەستم ئەوەنییە تەنهـــا نوخبەیەکی کەم خاوەنی مەعریفە و پەرودەیەکـــی بەرزبن، بەڵکو دەبێت ئەم هەڵمەتی پەروەردەییە تێکڕا کۆمەڵگەکە بگرێتەوە.



**تۆ دەتوانیت تەکنەلۆجیا لە دەرەوە هاوردە بکەیت، بەڵام ئەم تەکنەلۆجیایە ناتوانێت هاوکار و یارمەتیدەر بێت ئەگەر هاتوو پێشمەرجەکانی لە ئارادانەبن**

**سەرکەوتنی پرۆسەی بەرەوپێشچوون و گەشەپێدان پێویستی بە بوونی سیستمێکی دامەزراوەیی سەقامگیر هەیە**

پیتەر سیاڤلیس بۆ گوڵان:

# ئەگەر چارەسەرکردنی بیرۆکراسیەت ئاسان بوایە هەموو دەوڵەتیک هەوڵیدەدا چارەسەری بکات

سەرکەوتنی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن و پرۆسەی بەرەوپێشچوون پێویستی بە بنیاتنانی متمانە هەیە

**پرۆفیسۆر پیتەر سیاڤلیس ئوستادی زانستی سیاسەت و بەڕێوەبەری دیراساتی ئەمەریکای لاتینییە لەزانکۆی وەیکفۆرست و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی پەرەپێدان و حکومڕانی لە دەوڵەتانی ئەمریکا، سەبارەت بە پرۆسەی حکومڕانی و پەرەپێدان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، پرۆفیسۆر سیاڤلیس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



بایەخدان بە باشترکردنی ئاستی پەروەردە مەرجێکی گرنگە بۆ ئەوەی دامەزراوە دەستوورییەکان سەرکەوتووانە ئەرکی خۆیان ئەدا بکەن

*** ئایا ئەو مەرجانە چین کە پێویستە لە کاتی بونیادی سیستمی دامەزراوەییدا رەچاو بکرێن؟**

- باوەڕم وایە گرنگترین خاڵ لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە لە کاتی بنیاتنانی سیستمی دامەزراوەییدا کولتووری کۆمەڵگەکە لەبەرچاو بگیرێت، هەروەها هەوڵبدرێت ئەو ئالیەتانە بەکاربهێنرێن کە زەمینە خۆشدەکەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە جیاوازییەکان یەکلابکرێنەوە.

*** ئایا تا چ رادەیەك ئەم سیستمە دەبێتە هۆی چالاککردنی تاکەکەسەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتن لە کۆمەڵگەدا؟**

- سەرکەوتنی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن و پرۆسەی بەرەوپێشچوون پێویستی بە بنیاتنانی متمانە هەیە، کە بە تیڕوانینی من ئەو بوارانەی ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە دەکرێت هەموویان بەشداربن و ببنە توخمێك لە پرۆسەی بنیاتنانی ئەو متمانەیەدا.

*** تا چ رادەیەك بایەخدان بە پرۆسەی پەروەردە کاریگەری لەسەر بنیاتنانی تاکەکەسەکان هەیە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر لە مەودای دووردا؟**

- بە دڵنیاییەوە بایەخدان بە باشترکردنی ئاستی پەروەردە مەرجێکی گرنگە بۆ ئەوەی دامەزراوە دەستوورییەکان سەرکەوتووانە ئەرکی خۆیان ئەدا بکەن.

*** ئێمە دەزانین سیستمی دامەزراوەیی و پرۆسەی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجی کاریگەریان لەسەر خێراترکردن و باشترکردنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای سەردەم پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە کورت دەکاتەوە، یاخود خێراتر دەکات؟**

- دەتوانم بە شێوەیەکی گشتی ئەوە بڵێم کە ئاشکرایە تەکنەلۆجیا کاریگەری لەسەر ئاسانترکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردن هەیە، هەروەها کاریگەری لەسەر گەیاندنی زۆرترین زانیاری بە زۆرترین کەس هەیە و ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا.

*** ئایا سوودوەرگرتن لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی رۆژئاوا نابێتە هۆی خێراترکردنی پرۆسەی بنیاتنان؟**

- بێگومان رەخساندنی دەرفەت بۆ ئەوەی هەموو تاکەکەسێك بواری ئەوەی هەبێت هەلی پەروەردەیی بۆ

برەخسێت و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆجیا بە رەوتێکی خێرا، پرۆسەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون خێراتردەکات، بۆ نموونە ئێوە لە ئەزموونی وڵاتی چین بڕوانن، کە لە هەندێ رووەوە توانیویەتی شان لە شانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بواری بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیەوە بدات.

*** سیستمی دامەزراوەکان کۆمەڵێك جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دروستکردووە، ئایا سیحری سیستمی دامەزراوەیی چییە کە بۆتە هۆی دروستکردنی ئەم جیاوازییە بە تایبەت لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا؟**

- پێموایە مەسەلەکە تەنها پەیوەست نییە بە چوارچێوە دامەزراییەوەکەوە، یاخود باوەڕم وایە هیچ شێوە سیستمێکی دامەزراوەیی سیحری نییە بۆ ئەوەی ئەم دەرئەنجامەی لێبکەوێتەوە، بەڵکو هۆکاری سەرکەوتنی ئەو وڵاتانەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد بۆ بوونی دەوڵەتێکی بەهێز دەگەڕێتەوە کە ئەم دەوڵەتە کاری بۆ ئەوە کرد بە شێوەیەکی ستراتیجی وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازی لە وڵاتەکەدا بکات، هەروەها بۆ بوونی هێزێکی کاری خاوەن ئاستێکی پەروەردەیی بەرز لەم وڵاتانەدا دەگەڕێتەوە.

*** دەوترێت دەوڵەتی دامەزراوەیی ئەو دەوڵەتەیە کە یاسا تێیدا پارێزراوە، واتە سەروەریی یاسا لە ئارادایە، ئایا دەکرێت بە دەوڵەتی دامەزراوەیی بڵێین دەوڵەتی یاسا؟**

- ئەوە تەواو راست و دروستە، پێویستە سەروەریی یاسا لەم دەوڵەتەدا پارێزراو بێت، لە هەمان کاتدا یەکێك لە مەرجەکانی پاراستنی سەروەریی یاسا دابینکردن و پاراستنی مافی موڵکدارێتیە، کە ئەمەش مەرجێکی گرنگە بۆ هێنانەدی ئابووری بازاڕ لە وڵاتەکەدا.

*** زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بە دەست بیرۆکراتیەتێکی سلبیەوە دەناڵێنن، ئایا چۆن دەکرێت بیرۆکراتی لەم وڵاتانەدا بگۆڕدرێت بۆ بیرۆکراتیەتێکی ئیجابی؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە، لەبەر ئەوەی ئەگەر چارەسەرەکە ئاسان بوایە، ئەوا هەموو وڵاتان دەیانگرتەبەر، لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت ئەو سیستمە بیرۆکراتیەی لە ئارادایە زامنی سەروەریی یاسا بکات، مافی موڵکدارێتی بپارێزێت و ئەوەندەی مومکینە عەدالەت بهێنێتەدی و رێگری لە گەندەڵی بکات، هەرچەندە ئەم مەسەلەیە پتر پەیوەستە بە دۆخی کولتووری و مێژوویی هەر وڵاتێکەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەو جیاوازیەیە کە لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا بەدی دەکەین، کە هەندێ لەم وڵاتانە بە باشی توانیویانە کار بۆ ئەم ئامانجە بکەن و هەندێکیان ئاستێکی بەرزی گەندەڵیان تێدایە. لە راستیدا ئەمە پرۆسەیەکی قورسە، پێموایە پێویست بە دامەزراوەگەلێکی حکومی بەهێزدەکات بۆ ئەوەی چاودێری ئەم دیاردەیە بکەن، هەروەها پێویست بەوە دەکات مووچەی فەرمانبەرەکانی حکومەت لە ئاستێکی گونجاودا بێت، لە هەمان کاتدا ئەو فەرمانبەرانەش پەروەردەرکرابێتن و مەشقیان پێکرابێت لەسەر ئەوەی چۆن بتوانن بە شێوەیەکی گونجاو رەفتار بکەن و خۆیان لە گەندەڵی بەدووربگرن، هەرچەندە لە رووی نەزەریەوە ئاسانە ئێمە ئاماژە بە رێوشوێنەکانی کەمکردنەوەی گەندەڵی بکەین، بەڵام سەنگی مەحەك ئەوەیە لە بواری عەمەلیدا بیانخەینەگەڕ.

*** بە شێوەیەکی گشتی ئایا وڵاتە تازەگەشەکردووەکان دەتوانن سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی وڵاتە گەشەکردووەکان وەربگرن؟**

- بەڵێ دەتوانن، بۆ نموونە ئێمە باسمان لە گەندەڵی کرد، کە ئاشکرایە گەندەڵی لە هەندێ لە وڵاتدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، لەم رووەوە دەکرێت ئەم وڵاتانە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە سوود لە ئەزموونی هەندێ وڵاتی دیکە وەربگرن کە تا ئاستێکی دیاریکراو لە کەمکردنەوەی گەندەڵیدا سەرکەوتوبوونە.




**یەکێک لە مەرجەکانی پاراستنی سەروەریی یاسا دابینکردن و پاراستنی مافی موڵکدارێتیە**

**لە رووی نەزەریەوە ئاسانە ئێمە ئاماژە بە رێوشوێنەکانی کەمکردنەوەی گەندەڵی بکەین، بەڵام سەنگی مەحەک ئەوەیە لە بواری عەمەلیدا بیانخەینەگەڕ**

روبەرت فاتۆن بۆ گوڵان:

# سیستمی یاسایی بەهێز زەمانەتی پاراستنی پرۆسەی وەبەرهێنان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکات و لایەنێکی زۆر گرنگە لە پرۆسەی گەشەپێداندا

**پرۆفیسۆر رۆبەرت فاتۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فیرجینایە و سەرۆکی بەشی حکومەتە لە زانکۆی ناوبراو، بۆ قسەکردن لەسەر شێوازی حکومڕانی لە سیستمی دامەزراوەیی و لە دەوڵەتانی تازە پێگەشتوودا، سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر فاتۆن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

پێویستە سیستمە دامەزراوەییەکە بە چەشنێک بنیاتنرابێت کە پاڵنەری بەشداربوون بۆ تێکڕای کۆمەڵگەکە بڕەخسێنێت



ئەگەر تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگە هەست نەکەن بەشێکن لە پرۆسەکە و ئەگەر ئاوێتەی پرۆسەکە نەکرێن ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی سەرچاوەی دروستبوونی ناکۆکی لە کۆمەڵگەکەدا

*** سیستمی دامەزراوەیی هۆکاری سەرکەوتنی پرۆسەی بەرەوپێشچوون و بنیاتنانی ژێرخانە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت ئەم سیستمە لەم وڵاتانەدا بنیاتبنرێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی وڵاتەکە کەوتۆتە چ بەشێکی وڵاتە تازەگەشەکردووەکانەوە، لەبەر ئەوەی لە هەندێ لەو وڵاتانەدا دامەزراوە گەلێکی لاواز هەن و هێشتا پاشماوەی ڕۆژگاری ئیستیعماری بوونێکی بەهێزیان هەیە و لە هەندێ وڵاتی دیکەدا تا ڕاددەیەك دامەزراوەکان بەهێزن، لە لایەکی دیکەوە ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی چ نوخبەیەکی سیاسی یاخود چ جۆرە سەرکردایەتییەکی سیاسی لە وڵاتەکەدا جڵەوی کاروبارەکانیان بەدەستەوەیە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە ئایا لەم وڵاتانەدا هەڵبژاردنی دیموکراسی ئەنجام دەدرێت یاخود دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە ئارادایە و ڕێگە بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نادەن؟، واتە دەبێت هەموو ئەم پرس و مەسەلانە لەبەرچاوبگرین، چونکە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە و چارەسەری ئەم کێشەیەش ئاسان نییە.

*** هەندێ لە شارەزایان، بە تایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا باوەڕیان وایە سیستمی دامەزراویی هۆکارێکە بۆ گەڕاندنەوەی نرخی کارکردن، یاخود تەقدیرکردن کار و پشتیوانیکردن لە داهێنان و مافی موڵکداری، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم سیستمە دەبێتەهۆی چالاککردنی تاکەکەسەکان و بەرزرکردنەوەی ئاستی پێشکەوتن لە کۆمەڵگەدا؟**

- پێم وایە پێویستە سیستمە دامەزراوەییەکە بە چەشنێك بنیاتنرابێت کە پاڵنەری بەشداربوون بۆ تێکڕای کۆمەڵگەکە بڕەخسێنێت، مەبەستم لە بەشداربوونە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا، واتە دەبێت نەك تەنها نوخبە سیاسییەکە، بەڵکو کۆمەڵگەکەش بە شێوەیەکی گشتی بەشداربن لە پرۆسە سیاسییەکەدا و هەست بکەن ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لە داڕشتن و ئاڕاستەکردنی پرۆسەکەدا و تیرڕوانینیان بە شێوەیەك بێت کە ئەم بەشداربوون و ڕۆڵ بینینەیان دەبێتەهۆی هێنانەدی نەك تەنها بەرژەوەندی گشتی، بەڵکو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆشیان، بە دەربڕێنێکی دیکە دەبێت هەمویان ڕۆڵیان هەبێت لەم پرۆسەی ئەندازە سیاسییەدا، کە بە مانای ئەوەدێت ئایا بەرژەوەندی خۆیان لە جێگیرکردنی سیستمێکی مەرکەزی یاخود فیدراڵیدا دەبیننەوە، یاخود هەر شێوەیەکی دیکەی حکومڕانیکردن، چونکە ئەگەر تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگە هەست نەکەن بەشێکن لە پرۆسەکە و ئەگەر ئاوێتەی پرۆسەکە

نەکرێن ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی سەرچاوەی دروستبوونی ناکۆکی لە کۆمەڵگەکەدا.

*** ئەگەر ئێمە بەراوردی نێوان پرۆسەی بنیاتنانەوەی وڵاتانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بکەین، ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە وڵاتانی کۆریا، یابان و سەنگافورە بە چەشنێك گەشەیان کردووە کە ڕێژەی داهاتی تاکەکەس لەم وڵاتانەدا سەد هێندەی ڕێژەی داهاتی تاکەکەسە لە وڵاتانی ئەفریقیادا، ئەمە لە کاتێکدا وڵاتانی ئەفریقیاش لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا دەستیان بە پرۆسەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سیحری سیستەمی دامەزراوەیی چییە کە بۆتەهۆی دروستکردنی ئەم جیاوازییە؟**

- لە ڕاستیدا هۆکاری سەرکەوتنی ئەم وڵاتانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتگەلێکی بەهێز هەبوون لەم وڵاتانەدا_کە مەرج نییە دەوڵەتێکی دیموکراسی بوبێتن_ بە چەشنێك توانیان پلانێکی سەرکەوتوو دابنێن بۆ پرۆسەی گەشەپێدان و بەرەوپیشچوون، هەروەها توانیان پرۆسەیەکی چاکسازی کشتوکاڵی سەرکەوتوو لە وڵاتەکانیاندا ئەنجام بدەن، واتە بە شێوەیەکی گشتی ڕێزبەندیکردن لە ئەلەویاتەکاندا و بوونی دەوڵەتێکی بەهێز لە وڵاتانەدا کە توانیان وەبەرهێنان لە چەند بوارێکی دیاری کراودا ئەنجام بدەن و بەرهەمی ئەم بوارانە بەرنە ئاستێکی بەرز هۆکاری سەرکەوتنی ئەم وڵاتانەیە، کە ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی ئەفریقیادا بەدی نەدەکردا، چونکە لەم وڵاتانەدا دەسەڵاتێکی بەهێز لە ئارادانەبوون بۆ ئەوەی بەم ئەرکانە هەڵبستێت. لە لایەکی دیکەوە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سوودیان لە هەلومەرجی شەڕی سارد وەرگرت، چونکە لە ماوەی ئەو شەڕەدا ئەمەریکا و وڵاتە ئەوروپیەکان هاوکاری و یارمەتییەکی زۆریان پێشکەش بە ئەم وڵاتانەکرد بۆ ئەوەی ڕانەکێشرێنە ناو کەمپی یەکێتی سۆڤیەتەوە.

*** دەوترێت دەوڵەتی دامەزراوەیی ئەو دەوڵەتەیە کە یاسا تێیدا پارێزراوە، واتە سەروەری یاسا لە ئارادایە، ئایا دەکرێت بە دەوڵەتی دامەزراوەیی بڵێین دەوڵەتی یاسا؟**

- بوونی سیستەمێکی یاسایی بەهێز کە زەمانەتی پاراستنی پرۆسەی وەبەرهێنان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بکات لایەنێکی زۆر گرنگە لە پرۆسەی گەشەپێداندان، چونکە بوونی سیستەمێکی لەم چەشنە یەکێکە لە توخم و پێکهاتە گرنگەکانی هێنانەدی سەقامگیری ئابووری بۆ بەردەوام و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی ئابووری.

*** ئێمە دەزانین سستەمی دامەزراوەیی و پرۆسەی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجی کاریگەرییان هەیە لەسەر خێراترکردن و باشترکردنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای سەردەم پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە کورت دەکاتەوە یاخود خێراتری دەکات؟**

- بە دڵنیاییەوە تەکنەلۆجیای مۆدێرن ڕۆڵی دەبێت لە خێراترکردنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و لە هێنانەدی پرۆسەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون، ئەویش لە ڕێی ڕەخساندنی یان دابینکردنی پێشکەوتووترین ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، بۆ نموونە مۆبایل و تۆڕی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر.

*** زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بە دەست بیرۆکراتییەتێکی سلبییەوە دەناڵێنن، ئایا چۆن دەکرێت بیرۆکراتی لەم وڵاتانەدا بگۆڕدرێت بۆ بیرۆکراتییەتێکی ئیجابی؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پێویست بە ڕەخساندنی بوار هەیە بۆ فرەیی سیاسی، واتە بوونی پارتی سیاسی جیاواز، هەروەها پێویست بە بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز دەکات کە فشار بۆ سەر حکومەت دروست بکات بۆ ئەوەی شەفاف و کراوەبێت، لە هەمان کاتدا دەبێت پێداگیری بکرێت لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە و دەبێت ئەنجامەکانیشی قبوڵبکرێت، کە لەم چوارچێوەیەشەدا دەبێت زۆرینە ڕێزی تەواو لە کەمینە بگرێت کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە دروست دەبن.

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە گەندەڵییەوە ئەوا تا ئێستا نەتوانرا ڕیشەکێشبکرێت، ئەگەرچی حکومەتێکی بەهێزیش لە ئارادابوویێت، بەڵام هەوڵی کەمکردنەوەوکۆنترۆڵکردنی دراوە لەو وڵاتانەی سیستەمی دامەزراوەیی پیادە دەکەن، ئایا چۆن ئەم سیستەمە یارمەتیدەر دەبێت لە کەمکردنەوەی گەندەڵیدا؟**

- بوونی سیستەمی دامەزراوەیی دەبێتەهۆی هێنانە ئارای سیستەمێکی یاسایی کە ڕێگری لە ڕوودانی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات دەکات، یاخود دەبێتەهۆی سزادانی ئەو کەسانەی لە کردەوەکانی گەندەڵییەوە تێوەدەگلێن، لە هەمان کاتدا پێویستە کار بۆ چەسپاندنی بەرپرسیارێتی سیاسی بکرێت، مەبەستم ئەوەیە پەرلەمان بتوانێت بە دواداچوون بۆ دۆسییەکانی گەندەڵی بکات، هاوڵاتیان بتوانن سکاڵا تۆمار بکەن لە دژی ئەو کەسانەی پێیان وایە دەستیان لە گەندەڵیدا هەیە.

*** دوات وتەت چییە؟**

- من تەنها ئەوەندە دەڵێم کە بنیاتنانی دامەزراوەکان دەبنەهۆی پاراستنی هاوڵاتیان لە هەوڵەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی.



**بوونی سیستمێکی یاسایی بەهێز کە زەمانەتی پاراستنی پرۆسەی وەبەرهێنان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بکات لایەنێکی زۆر گرنگە لە پرۆسەی گەشەپێداندا**

**بنیاتنانی دامەزراوەکان دەبنەهۆی پاراستنی هاوڵاتیان لە هەوڵەکانی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی**

شیرلی ڕاندڵ بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان بەندە بەسیستمی دامەزراوە و سەروەری یاساو بەشداری کارای ئافرەتان

**پرۆفیسۆر شیرلی ڕاندڵ کە بەرەگەز خەڵکی ڕواندایە ئێستا بەڕێوەبەری سەنتەری کیگالی یە لەڕواندا بۆ دیراساتی جەندەر و پەرەپێدان و پێشتریش چەند کاری ڕاوێژکاری حکومی و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لەچەندین دەوڵەتی ئەفریقادا بینیووە، خاتوو شیرلی کە زیاتر لە ٣٠ ئەزموونی لەبواری پەرەپێدانی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو هەیە، سەبارەت بەسەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان لەو دەوڵەتانە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**



*** تاچەند هاریکاری هاوڵاتییان بۆ سیستمی دامەزراوەیی گرنگە و تاچەند هاوڵاتیان ڕۆڵ لە بەهێزکردنی دامەزراوەکاندا بگێڕن؟**

- پێم وایە دەکرێت ئەم سیستمە لە ڕێی بەشداریکردنی خەڵك و بوونی حکومڕانیێتیەکی ڕاستگۆو خاوەن میسداقییەت بهێنرێتەدی، هەروەها پێویستە پرۆسەی بڕیاردان پرۆسەیەك بێت لەسەر بنەمای مەعریفەیەکی فراوان بە سیاسەتی گەشەپێدان بنیات نرابێت.

*** چۆن دەتوانرێت تێڕوانی کۆمەڵ بۆ پیرۆزی کار و زەمینەی لەبار بۆ داهێنان و هاندەر بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە سیستمی دامەزراوەیدا بوونیاد دەنرێت؟**

- پێم وایە بایەخدان بە باشترکردن و پەرەپێدانی پەروەردە گرنگییەکی گەورەی هەیە لەم ڕووەوە، بە چەشنێك منداڵان هەر لە قۆناغی سەرەتایی و دواتر لە ناوەندیدا بوارێکی باشی پەروەردەیان بۆ بڕەخسێنرێت، بە هەمان شێوە دواتریش ئەم دەرفەتە بەردەوام بێت، لە لایەکی دیکەوە گرنگیدان بە پەروەردەکردنی ئافرەتانیش کاریگەری گرنگی لێدەکەوێتەوە، بە چەشنێك لەم ڕووەوە بواری ئەوە بدرێت ڕێکخراوی ئافرەتان دروست بکرێت بۆ ئەوەی هەڵبستن بە بەرچاو ڕوونکردنەوەی ئافرەتانی دیکە لە بوارەکانی وەك بەرپرسیارێتی حکومەت، مەرجی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە لایەن خەڵك و مەرجی ڕاوێژکردنی پەرلەمان لەگەڵ خەڵکدا لە کاتی داڕشتنی یاساکاندا.

*** تا چ ڕادەیەك بایەخدان بە پرۆسەی پەروەردە کاریگەری هەیە لەسەر بنیاتنانی تاکەکەسەکان بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر لە مەودای دووردا؟**

- بە دڵنیاییەوە بوار ڕەخساندن بۆ کوڕان و کچان بۆ ئەوەی هەر لە منداڵییەوە لە سیستمێکی پەروەردەیی باشدا گۆشبکرێن و ئاشنا بکرێن بە زمان و بە مەعریفە جیاوازەکان کاریگەری ئیجابی و باشی لێدەکەوێتەوە لەسەر ئایندەی کۆمەڵگەکە.

*** بە شێوەیەکی گشتی ئایا وڵاتە تازەگەشەکردووەکان دەتوانن سوود لە ئەزمونە سەرکەوتووەکانی وڵاتە گەشەکردووەکان وەربگرن لە بواری پەروەردەیی و بوارە جیاوازەکانی دیکەدا؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە هەموو دەتوانین لە یەکترەوە فێربین، لەم چوارچێوەیەدا دەتوانن ئەوە بڵێیین هەروەك وڵاتە تازەگەشەکردووەکان دەتوانن ئەزموونە باش و سەرکەوتووەکانی وڵاتە گەشەکردووەکانەوە فێربن، بە هەمان شێوە دەتوانن لە هەڵەکانی ئەم وڵاتانەشەوە فێربین، هەروەها کۆبونەوە و تەفاعولی نێوان ئەم وڵاتانە بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ئەزمونەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن و هەر وڵاتێك چ ئەزمونێکی پێ باش و گونجاوە دەستنیشانی بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێت خەڵکەکە لەسەر ئاستی مەحەلی دوا بڕیاری لەسەر بدەن.

*** تاچەند سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای سەردەم دەبنە هۆکاری زیاتر چالاك کردنی**

**دامەزراوەکان و زیاتر بڕینی قۆناخی بونیادنەوە؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا، تەکنەلۆجیا بواری دروست کردووە بۆ ئەوەی پیاوان و ئافرەتان بتوانن بەرچاو ڕوون بن لە ئاست ئەوەی لە وڵاتەکەیان و لە هەروەها لە وڵاتانی دیکەشدا ڕوودەدات، هەروەها تەکنەلۆجیا ئاست ومەودا و ڕەوتی پەیوەندیکردنی فراوانتر و خێراتر کردووە، لەبەر ئەوە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی گەشەپێداندا.

*** ئەگەر ئێمە بەراوردی نێوان پرۆسەی بنیاتنانەوەی وڵاتانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بکەین، ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین کە وڵاتانی کۆریاو یابان و سەنگافورە بە چەشنێك گەشەیان کردووە کە ڕێژەی داهاتی تاکەکەس لەم وڵاتانەدا سەد هێندەی ڕێژەی داهاتی تاکەکەسە لە وڵاتانی ئەفریقیادا، ئەمە لە کاتێکدا وڵاتانی ئەفریقیاش لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا دەستیان بە پرۆسەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سیحری سیستمی دامەزراوەیی چییە کە بۆتەهۆی دروستکردنی ئەم جیاوازییە؟**

- ئەگەر ئێمە سەیری ئەزموونی هەندێ لە وڵاتانی ئەفریقیا بکەین ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو وڵاتانەی گەشەیان کردووە خاوەن سەرکردایەتییەکی سیاسی باش و خاوەن ئیردایەکی سیاسی پتەو بوونە، بۆ نموونە وڵاتی ئێمە کە وڵاتی ڕواندایە توانیوەتی بەرەوپێشچوون بەدی بهێنێت، ئەویش بەهۆی بوونی سەرۆکێك لە وڵاتەکەدا کە کار بۆ باشترکردنی ڕەوشی ئافرەتان و پەرەپێدانی توانای ئافرەتان دەکات، هەروەها کار بۆ ئەوە دەکات تێکرای خەڵکی وڵاتەکە بەشداری لە پرۆسەی گەشەپێدانی وڵاتەکەدا بکەن، لە هەمان کاتدا زۆر پابەندە بە بەرەوپێشبردنی وڵاتەکە لە ڕووی تەکنەلۆجییەوە بە چەشنێك تموحی ئەوەیە هەیە وڵاتەکە بکاتە سەنتەری تەکنەلۆجی لە کیشوەری ئەفریقیادا. لە لایەکی دیکەوە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی گەندەڵی دەکات و کار بۆ کەمکردنەوەی هەموو شێوەکانی ئەم دیاردەیە دەکات.

*** دەوترێت دەوڵەتی دامەزراوەیی ئەو دەوڵەتەیە کە یاسا تێیدا پارێزراوە، واتە سەروەری یاسا لە ئارادایە، ئایا دەکرێت بە دەوڵەتی دامەزراوەیی بڵێین دەوڵەتی یاسا؟**

- بە دڵنیاییەوە بنیاتنانی دامەزراوەکان کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی بەرەوپێشچوون و گەشەپێدان لە وڵاتەکەدا، کە لەم چوارچێوەیەدا دەبێت کار بۆ پاراستنی سەروەری یاسا بکرێت، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەبێت بایەخ بە پاراستنی مافی موڵکداریێتی و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و برەودان بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بدرێت.

*** زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان بە دەست بیرۆکرایەتێکی سلبییەوە دەناڵێنن، ئایا چۆن دەکرێت بیرۆکراتی لەم وڵاتانەدا بگۆڕدرێت بۆ بیرۆکراتییەتێکی ئیجابی؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە و ڕەنگە نەتوانم وەڵامی بدەمەوە، بەڵام من هەر تەنها ئەوەندە دەڵێم کە بیرۆکراسی کێشەیەکە هەموو وڵاتێك بەدەستییەوە دەناڵێنێت و ئەم کێشەیە هەر تەنها لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا نییە، کە من پێم وایە بەرپرسیاریێتی ڕووبەڕبوونەوەی ئەم کێشەیە دەکەوێتە ئەستۆی خودی خەڵکی وڵاتەکە خۆیان، بۆ ئەوەی بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و کەلتوری وڵاتەکە هەڵبستن بە چارەسەرکردنی. هەرچەندە ڕەنگە بتوانرێت بەهۆی چەسپاندنی سەروەری یاساوە کار بۆ کەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی بکرێت.

هەروەها تەکنەلۆجیا ئاست ومەودا و ڕەوتی پەیوەندیکردنی فراوانتر و خێراتر کردووە، لەبەر ئەوە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی گەشەپێداندا

*** ئایا جیاوازی دیار و بەرچاوی نێوان وڵاتە گەشەکردوو وڵاتە تازەگەشەکردووەکان چین و چۆن دەتوانرێت سوود لە ئەزموونی وڵاتە گەشەکردووەکان وەربگیرێت؟**

- پێم وایە جیاوازی گەورەی نێوان وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و وڵاتە گەشەکردووەکان بوونی هەژارییە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، هەروەها یەکێك لە جیاوازییە گەورەکانی دیکە مەسەلەی پێگەی ئافرەت و ڕێزگرتن لە ئافرەت و بوار ڕەخساندنە بۆ ئافرەت بۆ ئەوەی شان بە شانی پیاوان ڕۆڵیان هەبێت لە گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی وڵاتەکەدا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هەر ئەوەندە دەڵێم کە سەرکەوتنی پرۆسەی بەرەوپێشچوون پێویستی بە بوونی سەرکردایەتییەکی سیاسی بەهێز هەیە، پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی گەندەڵی هەیە، پێویستی بەوە هەیە پیاوان و ئافرەتان بەشداربن لە سەرخستنی پرۆسەکەدا، هەروەها دەبێت لەم چوارچێوەیەدا کار بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و ڕووبەڕبوونەوەی کێشە تەندروستی و ژینگەییەکان بکرێت.

ئەو وڵاتانەی گەشەیان کردووە خاوەن سەرکردایەتییەکی سیاسی باش و خاوەن ئیردایەکی سیاسی پتەو بوون



### وتووێژەکانی نێوان پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق

# بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە هاوینێکی گەرمیش بەڕێدەکات



وتووێژەکانی پێکهێنانی حکومەتی پێشوو لە دەسپێکی زستان دەستی پێکرد و لە ناوەڕاستی بەهار کۆتایی هات، ، بەڵام ئەمجارەیان لە ناوەڕاستی بەهار بەرەو هاوینێکی گەرم دەست پێدەکات

لەکاری سیاسیی عێراقدا تەنها کار لەسەر ڕۆژ دەکرێت نەک شەو ڕۆژ پێکەوە

زۆر زەحمەتە مەزندەی ئەوە بکرێت پێش هاتنی هاوینەگەرمەکەی بەغدا پرۆسەی گرێدانی هاوپەیمانی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئاییندەی عێراق تەواو بێت، زۆربەی چاودێران وا مەزندە دەکەن کە هاوینیش بەرێدەکرێت هێشتا لایەنە سیاسییەکان ناگەنە رێککەوتنێك، یەکێك لە چاودێرە نزیکەکانی عێراق هۆکاری ئەم دواکەوتنەی بەوە گرێدایەوە کە لەساڵی ٢٠٠٦ەوە کە دەستڕۆیشتوویی ئەوکاتی ئەمریکا لە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا زیاتریش بوو، ئەوجا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت ماوەی پێنج مانگی خایاند بێت، ئەوا ئەمجارەش ئەگەر پێنج مانگ زیاتری پێنەچێت ئەوا کەمتری پێناچێت، ئەو سەرنجەی ئەم راپۆرتە لەسەر شرۆڤەکارانی ئامۆژگاکانی برۆکینگز و رەند و واشنتۆن بۆ دیراساتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك،دروستی دەکات و هەندێك لە رایەکانیان پێچەوانەوە دەکاتەوە، ئەوەیە راپۆرتەکەی ئەو ئامۆژگا جیهانییانە لەبەر رۆشنایی ئەتمۆسفیری سیاسی عێراق شرۆڤەکانیان کردووەو ماوەکەشیان بە تەرمۆمەتری سیاسیی پێوانە کردووە، بەڵام ئێمە وەك خەڵکی عێراق، لەگەڵ ئەوەی وەك ئەوان شرۆڤەکان لەبەر رۆشنایی ئەتمۆسفیری سیاسیی عێراق دەکەین، بەڵام ماوەی وتووێژەکان بە تەرمۆمەتری سیاسیی ناپێوین، بەڵکو بە تەرمۆمەتری ژینگەیی دەپێوین و پێمان وایە زەحمەتە ماوەی پێنج مانگ یان پێنج مانگ زیاتر بخایەنێت، هۆکاری ئەم جیاوازییە لە مەزندەی ئێمە و مەزندەی ئەو ئامۆژگا بەرێزانە پەیوەندی بەوەوە نییە ئێمە شرۆڤەی سیاسیی لەوان باشتر دەکەین، نەخێر پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە وەك عێراقی باشتر لە سروشتی کارکردنی سیاسییەکانی عێراق تیدەگەین و باشتر لە ئەتمۆسفیری ژینگەی وڵاتی خۆمان تێدەگەین، کە پێدەچێت ئەو ئامۆژگایانە ئەو دوولایەنە گرنگەیان فەرامۆش کردبێت. دەکرێت ئەو جیاوازییانە بەم خاڵانە زیاتر روون بکەینەوە:

١- وتووێژەکانی پێکهێنانی حکومەتی پێشوو لە دەسپێکی زستان دەستی پێکرد و لە ناوەراستی بەهار کۆتایی هات، کەواتە رۆژی بەغدا لەو ماوەیە زۆر کورت بوو، بەڵام ئەمجارەیان لە ناوەراستی بەهار بەرەو هاوینێکی گەرم دەست پێدەکات، واتە هەر رۆژێك هێندەی رۆژ و نیوێکی جاری پێشوو دەبێت و ژمارەی کاتژمێرکانی وتووێژەکانیش لە ژمارەی کاتژمێرەکانی وتووێژەکانی جاری پێشوو زیاتر دەبێت.

٢- سروشتی سیاسییەکانی عێراق بەو جۆرەیە کە رۆژ بۆ کارکردنی سیاسی و شەوانیش بۆ میوان و حەوانەوەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەکاری سیاسیی عێراقدا تەنها کار لەسەر رۆژ دەکرێت نەك شەو رۆژ پێکەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر هاوین بوو ژمارەی کاتژمێرەکانی کاری سیاسیی زیاد دەکات و ئەگەر زستان بوو ژمارەی کاتژمێرەکانی کاری سیاسیی کەمدەبێتەوە.

٣- خاڵێکی دیکەی گرنگ کە پێدەچێت تۆژەرانی ئەم ئامۆژگا جیهانیانە شارەزاییان لەسەری نەبێت، مەسەلەی گەرما پرۆکێنەکەی هاوینی بەغدایە، کە مانەوەی سیاسییەکان لە هۆڵە فێنکەکانی کۆبوونەوە زیاتر دەکات، حەزناکەن هۆڵی کۆبوونەوەکە بەجێبهێڵن، بۆیە ئەمەش خاڵێکی دیکەیە کە موناقەشەکان برینی تێناکەوێت و ماوەی درێژی گەیشتن بەر یککەوتن کورتدەکاتەوە.

بێگومان ئەگەر ئەو چەند دێرەی پێشەوە جۆرێك لەتەنزی سیاسی بێت بۆ ئاستی قورسی وتووێژەکانی ئاییندەی پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا، ئەوا لەسەر ئەرزی واقیع مەسەلەی پێکهاتن لەسەر فۆرمەلەیەك بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایینده کارێکی ئاسان نییە، پێدەچێت لایەنە عێراقییەکان خۆیان بە تەنها نەتوانن بگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش و ئەو مەسەلەیە یەکلاییکەنەوە، کەواتە عێراقییەکان پێیان خۆش بێت یان نە، ناچار دەبن خۆیان داوای هاوکاری ئەمریکا بکەن، یان ئەمریکا چیدیکە ناتوانێت چاوەرێی لەوە زیاتر بکات و دێتە ناو پرۆسەکەوە، هاتنە ناوەی ئەمریکاش بۆ ناو پرۆسەکە هاتنەناوەیەکی میانگیرانە دەبێت و هەوڵدەدات هەموو لایەنەکانی ناو پرۆسەکە بۆ گەیشتن بە جۆرە رێککەوتنێك کۆمپرۆمایز بۆ یەکتری بکەن، ئەم حاڵە بۆ ئێستا زووە کە زیاتری لەسەری بدوێن، بۆیە راستەوخۆ رای ئەو پسپۆرە بەرێزانە دەخەینەروو کە لەم راپۆرتەدا بەشدارییان کردووین.



مايكل دۆن بۆ گوڵان:

# هەرکەسێک بۆ سەرۆک وەزیران رابسپێردرێت دەبێت پشتیوانی کورد زامن بکات ئەوجا حکومەتی پێ پێکدەهێنرێت



**پرۆفیسۆر مایکل کۆلین دۆن، دامەزرێنەر و سەرنووسەری جۆرنال ئۆف میدل ئێستەو پسپۆر و تایبەتمەند و شرۆڤەوانی سیاسییە لە مێژووی میسرو ئیسلامی سیاسیی و دەوڵەتانی کەنداو عێراق، سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە رۆژنامەنووس و ئەکادیمست پرۆفیسۆر دۆن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

**• چۆن بارودۆخی عێراق دەبینیت دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئایا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت تاچەند درێژە دەکێشێت؟**

- پێدەچێت پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت پێویستی بە ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی زۆر و هەوڵی گەورە هەبێت بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی، لەبەر ئەوەی تا ئێستا نازانرێت ئەو حکومەتەی پێکدەهێنرێت بە چ شێوەیەك دەبێت.

**• پێدەچێت لایەنە عێراقییەکان نەتوانن بە ئاسانی هاوپەیمانێتی پێکبهێنن، ئایا ئەگەر نەتوانن لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا ئەم هاوپەیمانێتیە پێکبهێنن پرۆسە سیاسییەکە بە ئاراستەیەکدا دەڕوات؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر نەتوانرێت ئەم هاوپەیمانێتیە پێکبهێنرێت ئەوا عێراقییەکان دووچاری مەترسی و دژواری دەبنەوە، بەڵام من زۆر دوو دڵم لەوەی پێشبینیەکی سلبیم هەبێت، چونکی ئومێدی من ئەوەیە عێراقییەکان بتوانن سەرکەوتووبن لە پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانێتیەدا.

**• هاوکێشە سیاسییەکە بە چەشنێکە کە ئەگەر مالیکی پۆستی سەرۆك وەزیران بگرێتەدەست، ئەوا ئەمە بەو مانایە دێت کە ئێران سەرکەوتوو بووە لە گەمەکەدا، بەڵام ئەگەر عەللاوی ئەم پۆستە بگرێتەدەست ئەوا سەرکەوتن بۆ سعودییە تۆمار دەکرێت، ئایا تا چ ڕاددەیەك هاوڕایت لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا؟ و ئایا ڕۆڵی ئەمەریکا چی دەبێت لە کۆنترۆڵکردنی ئەم هاوکێشەیەدا؟**

- ئاشکرایە کە هەر یەکە لە ئێران و سعودییە و سوریا بەرژەوەندی خۆیان هەیە و بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی عێراق ئەوا شتێکی سروشتییە هەر یەکە لەم وڵاتانە بیانەوێت دەستێوەردان لە کاروباری عێراقدا بکەن، بەڵام من هیوادارم دەستڕۆیشتووی هێزە دەرەکییەکان لە عێراقدا دەستڕۆیشتوییەکی باڵادەست نەبێت، بە چەشنێك عێراق ببێتە لوبنانێکی گەورە. هەروەها هیوادارم هێزە دەرەکییەکان لە کاتی پشتوانیکردن لە لایەنە دۆستەکانیان هەوڵی کاریگەربوون بەسەر ئاڕاستەی هاوپەیمانێتیەکانەوە نەدەن. من دوبارەی دەکەمەوە هیوادارم لایەنە عێراقییەکان ئەوەندە پشت بە هاوپەیمانە دەرەکییەکانیان نەبەستن بە چەشنێك عێراق ببێتە لوبنانێکی گەورە کە ئێمە دەزانین چەندین ساڵە لوبنان بەدەست کاریگەری ئەم دەستێوەردانانەوە دەناڵێنێت.

**• نکۆڵی ناکرێت کە دابەشبوون و جیاوازی هەیە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، بۆ نموونە لە نێوان شیعە و سوننەکاندا لەسەر ئەوەی کام لەم دوو پێکهاتەیە جڵەوی حکومڕانێتی عێراق بگرنەدەست، لە هەمان کاتدا جیاوازی لە نێو خودی شیعەکانیشدا هەیە، بۆ نمونە هەندێ لایەنی شیعە ڕازی نابن دووبارە مالیکی پۆستی سەرۆك وەزیران بگرێتەدەست، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا یەکلانەکردنەوەی ئەم پرسە تا چ ڕاددەیەك هەڕەشە لە پرۆسە سیاسییەکەی عێراق دەکات؟**

- پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە نەتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەربکات چی ڕوودەدات؟ بە دڵنیاییەوە دەرئەنجامێکی زۆر خراپ دێتەئاراوە. لەبەر ئەوە دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە ئایا پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی هەیە؟

**• ئەوەی ئاشکرایە کە هەموو لایەنەکان ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا بکەن و ئەوەش ڕوونە کە زەحمەتە بێبەشداربوونی کوردەکان بتوانرێت حکومەت پێکبهێنرێت، بەڵام مەرجی کوردەکان ئەوەیە کە ئەو لایەنەی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەکەن پابەندبوونی خۆی ڕابگەیەنێت بە دەستورەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەن و پێکهاتە عەرەبییەکان ئامادەن ئەم مەرجە بهێننەدی؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت چاوەڕێی ئەنجامی گفتوگۆی نێوان لایەنە کوردییەکان و لایەنەکانی دیکەی عێراق بکەین، لە هەمان کاتدا من باوەڕم وایە کوردەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا، چونکە هەر کەسێك پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت دەبێت پشتیوانی کوردەکان بۆ خۆی زامن بکات، لەبەر ئەوە پێم وایە کوردەکان لە پێگەیەکی بەهێزی گفتوگۆکردندان.

**• ئەگەر پێکهێنانی حکومەتی عێراق کەوتە دوای مانگی ئابەوە، کە وادەی کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە، ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئیدارەی مالیکی لە ڕووی کاردانەوەی ڕای گشتی ئەو وڵاتەوە(ئەمەریکا)؟**

- پێم وایە حاڵی حازر ڕای گشتی ئەمەریکا پتر بایەخ بە پرسی ئەفغانستان دەدات نەك عێراق، هەروەها سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەت مایەی کارەسات دەبێت بۆ خەڵکی عێراق.

> هیوادارم دەستڕۆیشتووی هێزە دەرەکییەکان لە عێراقدا دەستڕۆیشتوییەکی باڵادەست نەبێت، بە چەشنێک عێراق ببێتە لوبنانێکی گەورە

> ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە نەتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەربکات چی ڕوودەدات؟


## بێکەر سپرینگ بۆ گوڵان:

# دەبێت عێراق بکەنە ئەولەویەتی یەکەمی خۆتان و ڕێگە مەدەن هێزە دەرەکییەکان سەروەری عێراق پێشێل بکەن

**پرۆفیسۆر بێکەر سپرینگ گەورە تۆژەری سیاسەتی بەرگری نیشمانییە لە ئامۆژگای بەناوبانگی هێرتج فاوەندەیش، تایبەتمەندە لەسیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، سەبارەت بەپرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و چۆنیەتی پێکهاتنی لایەنە سیاسییەکان پرۆفیسۆر سپرینگ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

*** چۆن بارودۆخی عێراق دەبینیت دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان؟**

- ئەنجامی لایەنەکان زۆر لێك نزیکبوون و بە چەشنی هەر سیستمێکی پەرلەمانی دیکە ئێستا گفتوگۆ لە ئارادایە لە بارەی چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت.



*** پێدەچێت لایەنە عێراقییەکان نەتوانن هاوپەیمانێتی پێکبهێنن، ئایا ئەگەر نەتوانن لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا ئەم هاوپەیمانێتیە پێکبهێنن پرۆسە سیاسییەکە بە ئاڕاستەیەکدا دەڕوات؟**

- من هیوادارم لایەنە عێراقییەکان بتوانن چارەسەرێك سیاسی بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە، لەبەر ئەوەی دوایەمین شتێك کە عێراق پێویستی پێی بێت گەڕانەوەیە بۆ بازنەی ئەو ناکۆکییە سیاسییەی کە تێیدا پەنا بۆ توندوتیژی دەبردرێت، هەروەها من باوەڕم وایە بڕیاری زیادکردنی ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا کە پێشتر لە لایەن سەرۆك بۆشەوە جێبەجێ کرا دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەوەی عێراقییەکان بتوانن بگەنە ڕێککەوتن. ئێستاش من هیوادارم هیچ دواکەوتنێك لە دروستکردنی ئەو هاوپەیمانێتەیەدا ڕوونەدات کە پێویستی بۆ پێکهێنانی حکومەت.

*** نکۆڵی ناکرێت کە دابەشبوون و جیاوازی هەیە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، بۆ نموونە لە نێوان شیعە و سوننەکاندا لەسەر ئەوەی کام لەم دوو پێکهاتەیە جڵەوی حکومڕانێتی عێراق بگرنەدەست، لە هەمان کاتدا جیاوازی لە نێو خودی شیعەکانیشدا هەیە، بۆ نموونە هەندێ لایەنی شیعە ڕازی نابن دووبارە مالیکی پۆستی سەرۆك وەزیران بگرێتەدەست، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا یەکلانەکردنەوەی ئەم پرس تا چ ڕاددەیەك هەڕەشە لە پرۆسە سیاسییەکەی عێراق دەکات؟**

- ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە بونیادی سیاسی لە عێراقدا لەسەر بنەمای دابەشبوونە ئیتنی و تائیفییەکان بنیاتنراوە، نکۆڵی لەم حاڵەتە ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە هەندێ جار ئەم مەسەلە زیاد لە پێویست گەورە دەکەین. لە لایەکی دیکەوە من باوەڕم وایە ئەگەر بمانەوێت

ديموكراسيەتێكی فرەیی بهێنینە ئاراوە ئەوا دەبێت ڕێگایەك بدۆزنەوە كە ڕێگری بكەن لەوەی سیاسەت بە پێی دابەشبونە ئیتنی و تائیفیەكان دابڕێژرێت، هەرچەندە دەبێت لەم ڕووەوە ئازادی ئاینـــی و ئازادی بیروباوەڕ بپارێزرێت.

*** ئێمە دەزانین كە دەســـتێوەردانی دەوڵەتە دراوســـێكان لە عێراقدا ڕەنگدانەوەی سلبی لێكەوتۆتـــەوە، بە چەشـــنێك هەندێ كەس پێیـــان وایە ئـــەم دەســـتێوەردانە هۆكاری ئەوەن كـــە لایەنـــە سیاســـییەكان نەگەنە ڕێككەوتنێكی هاوبەش، پرســـیارەكە ئەوەیە ئایـــا تـــا چ ڕاددەیەك دەســـتێوەردانی ئەم دەوڵەتانە ڕەنگدانەوەیان دەبێت لە پرۆســـەی پێكهێنانی حكومەتدا؟**

- پێم وایە دەبێـــت عێراقییەكان خۆیان كار بەرگری لێكردن و پاراســـتنی عێراق بكەن و بە هەمان شـــێوەی لوبنـــان لایەنەكان بە چەشـــنێك ملكەچی دەستڕۆیشتوویی هێزە دەرەكییـــەكان نەبن كە تەنانەت ســـەروەری نیشتمانیش بكەنە قوربانی پاشكۆیەتیان بۆ ئەو هێزانە. لەبەر ئـــەوە دەبێت عێراقییەكان بەرەیەكـــی یەكگرتـــوو دروســـت بكەن و بڕیار بدەن پرۆســـە سیاســـییەكە پەیوەستە بە خودی عێراقییـــەكان خۆیانەوە و دەبێت بەو شـــێوەیە بەڕێوەببردرێت كە بەرژەوەندی عێراق بهێنێتەدی، بـــەڵام ئەگەر لایەنەكان ببنە عەمیلی هێـــزە دەرەكییەكان ئەوا ئەمە ڕێگە و ڕەوتێكی زۆر مەترسیدار دەبێت بۆ عێراقییەكان.

*** چۆن لە كێشەی هەڵپەسێردراوەكانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێـــراق دەڕوانیت، ئایا پێـــت وایە توانای چارەسەركردنی ئەم كێشانە لە ئارادایە؟**

- پێـــم وایە مومارەســـەكردنی ئاســـتێكی دیاریكـــراو لە ئۆتۆنۆمی لە لایەن هەرێمی كوردستانەوە شـــتێكی گرنگ و پێویستە، بەڵام نابێت ئاســـتی ئەو ئۆتۆنۆمییە بگاتە ئـــەوەی جۆرێك لە جیابوونەوە بخوڵقێنێت بە چەشـــنێك ڕێگری بكات لەوەی عێراق وەك دەوڵەتێكی خاوەن سەروەری بتوانێت ڕەفتار بكات. هەروەها هیوادارم هەرێمی كوردستان و حكومەتـــی عێراق بتوانن بەو شـــێوەیەی لە دەســـتووردا هاتووە كێشەكانیان چارەسەر بكەن.

*** هاوكێشـــە سیاسییەكە بە چەشنێكە كە ئەگەر مالیكی پۆســـتی ســـەرۆك وەزیران بگرێتەدەست، ئەوا ئەمە بەو مانایە دێت كە ئێران ســـەركەوتوو بووە لە گەمەكەدا، بەڵام ئەگەر عەللاوی ئەم پۆســـتە بگرێتەدەست ئەوا سەركەوتن بۆ سعودییە تۆمار دەكرێت، ئایا تا چ ڕاددەیـــەك هاوڕایت لەگەڵ ئەم لێكدانەوەیەدا؟ ئایـــا ڕۆڵی ئەمەریكا چی دەبێت لە كۆنترۆڵكردنی ئەم هاوكێشەیەدا؟**

- عێراق پێویســـتی بەوە نییە ئەو پرســـیارە بكات ئایا سعودییە یاخود ئێران سەركەوتوو دەبـــن لە گەمەكەدا، بەڵكـــو دەبێت كار بۆ ســـەركەوتنی ســـەروەری عێـــراق بكرێت، مەبەســـتم ئەوەیـــە دەبێـــت بەرژەوەندیـــی عێراقییەكان، بە جیاوازی خەلفیەتی ئاینی و ئیتنیانەوە، لەسەرووی هەموو ئەولەویەتێكەوە بێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر ســـەروەری عێراق بەهۆی كاریگەربوون و دەستڕۆیشتووی هێزە دەرەكییەكانەوە پێشێل بكرێت ئەوا دۆخێكی لەرزۆك دروســـت دەبێت كـــە هەلومەرجەكە بە چەشـــنی لوبنـــان دابەشـــبوون بەخۆوە دەبینیت و ئێمەش هیواداریـن ئەوە لە عێراقدا ڕوونەدات.

*** ئەگـــەر پێكهێنانـــی حكومەتی عێراق كەوتـــە دوای مانگی ئابـــەوە، كە وادەی كەمكردنـــەوەی هێزەكانـــی ئەمەریكایـــە، ئایـــا ئەمە تـــا چ ڕاددەیـــەك كاریگەری خراپی دەبێت لەســـەر ئیـــدارەی مالیكی لـــە ڕووی كاردانەوەی ڕای گشـــتی ئەو وڵاتەوە(ئەمەریكا)؟**

- ئەمە پرسیارێكی باشە، پێم وایە پێویستە هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا بمێننەوە بۆ سەرخستنی پرۆسە سیاسییەكە و پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریكا ناتوانێت سیستمێكی دەستوری و خاوەن ســـەروەری لە عێراقدا بهێنێتە ئاراوە ئەگەر عێراقییەكان خۆیان یارمەتی خۆیان نەدەن. ئەمەریكا لـــە عێراقدایە بۆ ئەوەی دەرفەت بـــۆ عێراقییەكان بخوڵقێنێت، بەڵام دەبێـــت تێكـــڕای لایەنەكانـــی عێراقیش ڕایبگەیەنـــن كە ئەوان كار بـــۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەكانـــی ســـعودییە، یـــان ئێران یان ســـوریا ناكەن، بەڵكو كاركردنی ئەوان تەنها و تەنها بۆ بەرژەوەندی عێراقییەكانە. هەروەها دەبێت ئەو ڕاستییە بزانن كە بوونی هێزەكانی ئەمەریكا نابێتە بەدیل بۆ ئیرادەی عێراقییەكان بۆ بەرگریكردن لە وڵاتەكەیان.

*** دوا وتەت چییە؟**

- عێراق بكەنە ئەولەویەتی یەكەمی خۆتان و ڕێگە مەدەن هێزە دەرەكییەكان ســـەروەری عێراق پێشێل بكەن.

**دوایەمین شتێك كە عێراق پێویستی پێی بێت گەڕانەوەیە بۆ بازنەی ئەو ناكۆكییە سیاسییەی كە تێیدا پەنا بۆ توندوتیژی دەبردرێت**


**ئەگەر بمانەوێت دیموكراسیەتێكی فرەیی بهێنینە ئاراوە ئەوا دەبێت ڕێگایەك بدۆزنەوە كە ڕێگری بكەن لەوەی سیاسەت بە پێی دابەشبونە ئیتنی و تائیفیەكان دابڕێژرێت**



## بریان کەتڵەس بۆ گوڵان:

# ئەگەر لەماوەیەکی کورتدا کەسێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دەستنیشان نەکرێت، مەترسی ئەوە هەیە عێراق بخزێتە ناو شەڕێکی ناوخۆییەوە

**بریان کەتڵەس یەکێکە لەو دیپلۆماتکارە ئەمەریکیانەی کە بەباشی دەتوانێت بە عەرەبی بنووسێت و قسەبکات، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارە بەهێزانەی کە پرۆفیسۆر کەتڵەس لە کاری دیپلۆماتی و توێژینەوەدا سەرکەتوو بووە، پرۆفیسۆر کەتڵەس یەکێکە لە توێژە گەورەکانی سەنتەری ئەمەریکان پرۆگرێس پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا، لە زیاتر لە ٢٠ دەوڵەت کاری راێژکاری بۆ دامەزارەکانی ئەمەریکا کردووە لەوانە عێراق، میسر، پاکستان، ئەفغانستان، یەمەن، هەروەها کەتڵەس یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی ئەمەریکا و وتارەکانی لە واشنتۆن پۆست و لۆس ئەنجلس تایمز و بۆستن گلۆب و بلتیمۆر سەن و میدل ئێست پۆلیسی بڵاودەکاتەوە، لەساڵی ٢٠٠٨ یش کتێبێکی لەسەر سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا بڵاو کردۆتەوە، کەتڵەس لەبەر ئەوەی کاری راوێژکاری بۆ دامودەزگاکانی ئەمەریکا لە عێراقدا کردووە، لە نزیکەوە لەسەر باردۆخی عێراق شارەزایە، بۆیە بە پێویستمان زانی لەسەر رەوشی ئێستای عێراق قسەی لەگەڵ بکەین و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



کەسانێک یاخود گروپگەلێک هەن لە عێراقدا کە باوەڕیان وایە کارکردن بۆ دیموکراسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن دژ و پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی عێراقن

*** بەڕێزت وەك دیپلۆماتکارێکی ئەمەریکی چۆن سەیری بادۆخی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەن؟**

لە راستیدا دۆخە سیاسییەکە نادیارە، لەبەر ئەوەی تا ئێستا روون نییە کێ بەرپرسیارێتی سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی عێراق دەگرێتەئەستۆ، هەروەها ئەم دۆخە سیاسییە نا روونەش هاوکاتە لەگەڵ دۆخێکی ئەمنی خراپدا کە مایەی نیگەرانییە، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین عێراق چۆتە قۆناغێکی هەستیارەوە. بەتایبەتی کە لەچەند رۆژی رابردوو چەند تەقینەوەیەك روویانداوە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا مایەی خۆشبەختیە ئەوەیە ئەم رووداوانە لە لایەن کەسان و گروپگەلێکەوە ئەنجامدراون کە لە دەرەوەی پارتە سیاسییەکانن، واتە بە چەشنی ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ میلیشیاکان دژی یەکتری شەڕناکەن، یاخود دژی هێزە ئەمنییەکان شەڕناکەن. بەڵکو لەلایەن کەسانێکی تیرۆریستیەوە ئەنجام دەدرێن کە لە دەرەوەی پرۆسە سیاسییەکەن، بەڵام ئەوەی زۆر مایەی مەترسیە ئەوەیە هێزەکانی لە کاردانەوەیاندا

بۆ ئەم روداوانە یاخود لە کاردانەوەیاندا لە بەرامبەر مشت و مڕە سیاسییە توندەکان ببنە بەشێك لە رکابەرێتیە سیاسییەکە و بەشداربن لەم ململانێیەدا، ئەمە هەڕەشە و مەترسی راستەقینەیە.

*** بەڵام هەندێ لە چاودێران پێیانوایە ئەم تەقینەوانە پەیوەستن بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانەوە، راوبۆچوونی ئێوە لەم رووەوە چیە؟**

- لەبەر ئەوەی تا ئێستا بەیاننامەیەك لە ئارادانیە کە ئەو کەس و لایەنانەی بەرپرسن لە ئەنجامدانی ئەم کارانە رایانگەیاندبێت کە ئەوان دژی کەسێکی دیاریکراون و لە بەرژەوەندی کەسێکی دیکە ئەم کارانەیان کردووە، ئەوا ناتوانین شیکردنەوەیەکی بەهێز بکەین و ئەم دەرئەنجامەی تێدا رابگەیەنین. هەرچۆنێك بێت پێموایە ئامانجی ئەم کردەوانە لاوازکردن و لە ناوبردنی سیستەمە سیاسیەکەیە، نەك کەسێکی دیاریکراو، لەبەر ئەوەی کەسانێك یاخود گروپگەلێك هەن لە عێراقدا کە باوەڕیان وایە کارکردن بۆ دیموکراسی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن دژ و پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی عێراقن، لەبەر ئەوە هەموو کارێك بۆ پەکخستنی ئەم پرۆسەیە دەکەن.

*** ئومێدی ئەوە هەیە کە هەموو لایەك لە مەترسی بارودۆخەکە و لە مەترسی رێکنکەوتن و یەکلانەکردنەوەی جیاوازییەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە تێبگەن، ئایا چۆن لایەن و پێکهاتە سیاسییەکانی وڵاتەکە دەتوانن بەسەر ئەم کۆسپانەدا زاڵبن و رێگری لە دووبارە بەرپابوونەوەی شەڕی ناوخۆیی لە وڵاتەکەدا بگرن؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد عێراق بە قۆناغێکی هەستیاردا دەڕوات و لە راستیدا ئەگەری ئەوە هەیە عێراق دووبارە بخزێتە شەڕێکی ناوخۆییەوە، بە تایبەتی ئەگەر لە ماوەیەکی زوودا ئەوە ئاشکرانەکرێت کە چ کەسێك پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت وەردەگرێت. لە هەمان کاتدا چەندین کێشەی دیکە هەن کە مایەی نیگەرانین و چارەسەرنەکردنیان لە رووی سیاسییەوە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بە شێوەیەکی مەترسیدار سەربکێشن بۆ سەرهەڵدانی ناسەقامگیرییەکی جددی لە وڵاتەکەدا، کە بریتین لە کێشەی کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بۆ نموونە پێنج ساڵ پێش ئێستا بەڵێنی ئەوەدرا کە کێشەی کەرکوك لە رێی راپرسی و بە پێی ماددە ١٤٠ چارەسەردەکرێت، بەڵام ئەوەتا پێنج ساڵەکە تێپەڕیوە و هێشتا ئەم کێشەیە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. کەواتە ئەگەر ئەم کێشە سیاسییە سەرەکییانە چارەسەرنەکرێن، ئەوا ئایندەی وڵاتەکە لە مەترسیدادەبێت.

*** هەوڵەکانی پەکخستنی پێکهێنانی حکومەت دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی پرۆسە سیاسییەکە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا شکست بهێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەمەریکا ئەم پرسە بە جددی وەردەگرێت و رێگە لە شکستهێنانی سیاسەتەکەی لە عێراقدا دەگرێت؟**

- بە تیڕوانینی من سیاسەتی ئەمەریکا هەر لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە عێراقدا شکستی هێناوە، من ئەمە ناڵێم لەبەر ئەوەی ببووە هۆی رووخاندنی رژێمی سەددام، چونکە سەددام کەسێکی خراپ بوو رۆیشتنیشی منی خۆشحاڵکرد، بەڵام پێموایە بە بەراودر بەو هەموو داراییەی ئەمەریکا لە عێراقدا خەرجی کرد و بە بەراودر بەو هەموو کوژراو و قوربانیانەی لە هێزەکانی ئەمەریکا کەوتن، ئەوا ئەمەریکا نەیتوانی ئەنجامێك لە عێراقدا بەدەست بهێنێت کە لە ئاستی ئەو قوربانیانەدا بن. لەبەر ئەوە ئیدارەی ئۆباما خوازیارە زۆر بە وریاییەوە پرۆسەی کشاندنەوەی هێزەکان لە عێراقدا جێبەجێ بکات، چونکە هەروەك سەرۆك ئۆباما خۆی رایگەیاند دەمانەوێت بە پێچەوانەی چوونمان بۆ عێراق بە وریاییەوە ئەو وڵاتە جێبهێڵین. کەواتە ئەمەریکا چاودێری بارودۆخەکە دەکات و بڕیاری بەپەلە نادات، هەرچەندە لە هەمان کاتدا خوازیاری ئەوەیە کە پابەند دەبێت بە رێککەوتننامە ئەمنیەکەوە، کە هیوادارم سەرکردە سیاسییەکان لە عێراقدا بتوانن پرۆسە سیاسیەکە بە چەشنێك بەرەوپێشەوە ببەن کە دەرفەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتنە بخولقێنن.

*** ئاشکرایە کە روودانی توندوتیژی و تەقینەوە پرۆسە سیاسییەکە ئاڵۆز دەکەن و کۆسپ و دژواری بۆ گفتوگۆکانی نێوان لایەنە جیاوازەکان دروست دەکەن، ئایا پێتوایە لایەنە سیاسییەکانی عێراق بتوانن بەسەر ئەو دۆخە سەختەدا زاڵبن بە چەشنێك گفتوگۆکانیان بە ئەنجام بگات؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم تەقینەوانە کاریگەریان لەسەر حیساباتە سیاسییەکان دەبێت، بەڵام ناتوانم ئەوە دەستنیشان بکەم کە ئەم کاریگەریە بە چ ئاراستەیەکدا دەشکێتەوە.

*** ئەی سەبارەت بە کاریگەری دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی عێراق، پێتوایە ئەم بارودۆخە دەرهاویشتەی ئەو جۆرە دەستێوەردانەیە؟**

- پێموایە سەقامگیری عێراق لە بەرژەوەندی تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکانە و لە راستیدا هەرەسهێنانی عێراق و درێژەکێشانی پشێوی لەم وڵاتەدا زیان بە تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکان دەگەیەنێت، بۆ نموونە هەموو ئەم وڵاتانە دوچاری بارگرانی بوونەوە بەهۆی رووبەڕووبوونەوەی شەپۆلی پەنابەرانی عێراقیەوە، لەبەر ئەوە هیوادارم هەموو ئەم وڵاتانە رۆڵێکی بنیاتنەر لە عێراقدا ببینن، هەرچەندە نیگەرانیەکی قووڵ هەیە کە ئێران و سوریا ئەم رۆڵە نابینن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە تورکیا گۆڕانکارییەکی گەورەی لە هەڵس و کەوتەکانیدا کردووە بە بەراودر بە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧.

*** ئێمە ئەو راستیە دەزانین کە رای گشتی ئەمەریکا لەگەڵ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراقدا، بەڵام ئەگەر هاتوو توندوتیژیەکی بەربڵاو لە عێراقدا روویدا بە چەشنێك ئەمەریکا نەیتوانی پاشەکشە بە هێزەکانی بکات، ئایا هەڵوێستی رای گشتی ئەمەریکا لە ئاست ئیدارەی ئۆبامادا چی دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا بەشێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئۆباما پەیوەست بوو بە بەڵێندان بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- ئیدارەی ئۆباما بایەخ بە عێراق دەدات و بەلایەوە گرنگە پەیوەندی و دۆستایەتییەکی درێژخایەن لە نێوان عێراق و ئەمەریکادا دروست بێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆرینەی خەڵکی ئەمەریکا ئەم بایەخە بە پرسی عێراق نادەن و لە راستیدا لە مەسەلەی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکاوە پتر بایەخ بە پرسی ئەفغانستان و پاکستان دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، پێموایە بڕیارەکانی ئیدارەی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا پەیوەست دەبێت بە بەرەوپێشچوونی بارودۆخەکە لە عێراقدا.

*** دوا وتەت چیە؟**

- هەمیشە پەیامی من ئەوەبووە با هەوڵەکانی حەوت ساڵی پێشووی ئەمەریکا بگۆڕین بە وزەیەکی ئیجابی و بنیاتنەر، کە ئەویش لە رێی نزیکبوونەوەی هەردوو گەلی عێراقی و ئەمەریکیەوە دەبێت، واتە لە رێی ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی و کولتووری و راگەیاندنەوە، واتە حکومەتەکان بە تەنها ناتوانن ئەم ئەرکە ئەدا بکەن، کەواتە دەبێت هەردوولا بەم کارە هەڵبستن، لەبەر ئەوەی ئێمە دوو گەلی مەزنین و پێویستمان بەیەکتری هەیە.

**سیاسەتی ئەمەریکا هەر لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە عێراقدا شکستی هێناوە**

**بە بەراودر بەو هەموو کوژراو و قوربانیانەی لە هێزەکانی ئەمەریکا کەوتن، ئەوا ئەمەریکا نەیتوانی ئەنجامێک لە عێراقدا بەدەست بهێنێت کە لە ئاستی ئەو قوربانیانەدا بن**

## پرۆژەکان بنەمای سەرکەوتنی ئابووری بازاڕە


# چی بکرێت تاوەکو پرۆژەکان بەباشترین ک

گەڕان بەدوای شێوازو ئەو میکانیزمانەی زامنی جێبەجێکردنی خێراو باشی پرۆژەکان دەکات، کاریگەری باشی لەبەرەوپێشچوونی دۆخی ئابووری هەرێمەکەو گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان هەیە، ئامانجی جێبەجێکردنی پرۆژەکانیشمان بەباشترین شێوەو بەرزترین کوالێتی بۆ دابین دەکات. زۆربەی جاریش لەو هەرێم و وڵاتانەی کە دامودەزگا چاودێرییەکانی حکومەت و کارگێڕی تێیدا لاوازن، جۆرە بیزنسکارێك پەیدا دەبێت کەلە ڕێگای گەمەکردن بەکارو بەهاو نرخی کاڵاو کەرەستەکانەوە جۆرێك لەپشێوی و بێ سەروبەری لەبازاڕەکاندا دروست دەکات و دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئەنجامدانی پرۆژەکان یاخود خراپ جێبەجێکردنی کارەکان.



دواکەوتنی ئەنجامدانی پرۆژەکان و خراپی کوالێتی کارەکان ئەو کێشە و گرفتەیە کەنەک تەنیا یەخەی ئابووری و بازاڕەکانی وڵاتانی دواکەوتوو تازەپێگەیشتووی گرتووە، بەڵکو زۆربەی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکانی دنیا دووچاری هەمان گرفت بوون

# ـــــوالێتی و کەمترین ماوە جێبەجێ بکرێن؟



**بەشداری زۆرینەی هاوڵاتییان لە پرۆژە ئابوورییەکانی جیکوسلوفاکیای پێشوو لەڕێگای کۆبون-ەوە بەئەزموونێکی پێشەنک بۆ سەرکەوتنی بەڕێوەبردنی پرۆژەکان دادەنرا**

گەڕان بەدوای شـێوازو ئـەو میکانیزمانەی زامنی جێبەجێکردنی خێراو باشـی پرۆژەکان دەکات، کاریگەری باشـی لەبەرەوپێشچوونی دۆخـی ئابـووری هەرێمەکـەو گەیاندنـی خزمەتگوزارییـەکان هەیـە، ئامانجـی جێبەجێکردنی پرۆژەکانیشمان بەباشترین شێوەو بەرزترین کوالێتی بۆ دابین دەکات. ڕێکخستنی بەڕێوەچوونی پـرۆژەکان و پێشخسـتنیان و دانانی میکانیزمێکی گونجاوی (یاسـایی و ئابـووری) ئەو هەنگاوە کارگێڕی و ئابوورییە یە، کە نابێتە هۆی شکسـتهێنان و دواکەوتنی ئەنجامدانی پرۆژەکان و زیانگەیاندن بەداهات و بودجەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکان. ئەم باسە گەرچـی پەیوەندییەکی تونـدی بەپێکهاتەو پەیکەربەندی ڕێکخستنی کارەکانی حکومەت و کارگێـڕی و یاسـاییەوە هەیـە، بـەڵام لەهەمانکاتدا تێکەڵ بەسیسـتەمی ئابووری وڵات و بوارەکانی ( ئابووری بازاڕ)ەوە، چونکە شێوازی بەڕێوەچوونی ئابووری و فەلسەفەی حکومەت بۆ ئابووری دەسـەڵاتەکانی کەرتی گشـتی و تایبەت دیاری دەکات. حکومڕانی باش و دەسـەڵاتی دامەزراوەییەکانی و یاساو دادگاکان هەمـووی ئـەو پێوەرانەن کەهێزی ئـەو حوکمڕانییە دیاری دەکات و دەبێتە هۆی ئاراستەکردنی کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکانی، بـەرەو جێبەجێکردنـی فاکتەرەکانی ئابووری بازاڕو گەیشـتن بە لیبرالییەتـی ئابووری، لەم سێشـەممەدا حکومەت ڕۆڵی پاسـەوان و چاودێرێـك دەبینێت، کـە زامنی ئارامی و سەقامگیری بواری سیاسی و ئابووری دەکات.



دۆخی بـازاڕو کەرتی تایبـەت و حکومیش لەئابووری بازاڕدا لە گرفت و کێشـە بەدوور نییە، یەکێك لەو کێشەو گرفتانەی دێتە بەردەم ڕەوشی ئابووری و دۆخی بازاڕەکان کەوتنەوەی بێبازاڕی و کەمبوونەوەی سیولەی نەختینەییە، زۆربـەی جاریش لەو هەرێـم و وڵاتانەی کە دامـودەزگا چاودێرییەکانـی حکومـەت و کارگێڕی تێیدا لاوازن، جۆرە بیزنسکارێك پەیدا دەبێت کەلە ڕێـگای گەمەکردن بەکارو بەهاو نرخی کاڵاو کەرەسـتەکانەوە جۆرێك لەپشێوی و بێ سـەروبەری لەبازاڕەکاندا دروست دەکات و دەبێتـە هـۆی دواکەوتنـی ئەنجامدانی پرۆژەکان یاخود خراپ جێبەجێکردنی کارەکان. دواکەوتنـی ئەنجامدانی پـرۆژەکان و خراپی کوالێتـی کارەکان ئـەو کێشـە و گرفتەیـە کەنەك تەنیا یەخەی ئابـووری و بازاڕەکانی وڵاتانی دواکەوتوو تازەپێگەیشـتووی گرتووە، بەڵکو بەهـۆی دارمانی دارایی و ئابووری و کەوتنەوەی قەیرانـە ئابوورییەکانەوە زۆربەی وڵاتـە پیشەسـازییە پێشـکەوتووەکانی دنیا دووچاری هەمان گرفت بوون، کاتێك بەهۆی ئەو تەنگژانەوە گەورە کۆمپانیاکانیان دووچاری ئیفلاسـبوون دەبنەوەو بەڵێندەرەکان کارەکانیان بەجێ دەهێڵن و سـەدان کرێکارو کارمەندیش کارەکانیـان لەدەسـت دەدەن، بەمشـێوەیە بێ متمانەیـی و نائومێدییەك بەدۆخی ئاسـایی بـازاڕەکان و چارەنووسـی کارکردن دروسـت دەبێت.

هۆکاری دواکەوتـن و پەککەوتنی پرۆژەکان لەهەرێمی کوردسـتان چییـە؟ کاریگەری و شوێنەوارەکانی بەسەر ئابووری و باری بژێوی ژیانی تاکی کوردستانییەوە چییە؟ ئەو شێوازو میکانیزمانە چیـن کەدەتوانرێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم کێشـەیە سوودی لێوەربگیرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم سـێ پرسیارە دەمانباتە ناو وڕژاندنی بنەماکانی پێکهێنانی ئابووری بازاڕو دانانی ئەو میکانیزم و شێوازانەی کارکردن کە لەمەترسییەکانی کار دوورمان دەخاتەوە..

### چاودێریکردن و دیسپلینی هەڵسوکەوتی کۆمپانیاو دەزگاکان

لە قۆناغی گەشـەی ئابـووری و زیادبوون و فراوانبوونـی پرۆژەکانـی (وەبەرهێنـان و خزمەتگـوزاری) کەلـە ڕێـگای بەڵێندەرو کۆمپانیاکانـی کەرتـی تایبەتـەوە ئەنجام دەدرێـت، پێویسـت بـەوە دەکات بەپـلان و بەرنامەیەکی ئابـووری تۆکمە هەنگاوی بۆ بنرێت و، ڕێنمایی و راسـپاردەی زانسـتی و واقیعی بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژانە دابنرێت، تەنانـەت دواتر لەقۆناغەکانـی ئەنجامدانی

**لەکۆڕیای باشوور لەڕێگای دانانی دەزگاکانی بازاڕو دەوڵەت بۆ چاودێریکردن و دیسپلینی هەڵسوکەوتی کۆمپانیاو دەزگاکان توانرا سنوورێك بۆ کەمتەرخەمی و بێسەرووبەری لەشێوازی وەبەرهێنان دابنرێت**

**توێژینەوەی کەڵکی ئابووری بۆ ئابووری هەرێمەکەو وەبەرهێنەرەکەش بەسوودەو بیزنسکارەکە لەمەترسییەکانی کار دەپارێزێت**

پرۆژەکەشدا چاودێری و بەدواداچوونێکی توند پەیڕەو بکرێت. لەهەموو گەشەکردنێکی خێراو بوژانەوەی کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابووری کەموکورتی لە پرۆژەو ئەنجامدانی دەردەکەوێت بەتایبەتی گەر بێتوو پێش بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی پرۆژەیەك (توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری) بۆ ئەنجام نەدرابێت، کۆرییەکان لەسیئول هەر زوو لەقەیرانە داراییەکەی ١٩٩٧ هەستیان بەو واقیعە کرد ((نەبوونی دەزگاکانی بازاڕو دەوڵەت بۆ چاودێریکردن و دیسپلینی هەڵسوکەوتی کۆمپانیاو دەزگاکان وایکردووە کەمتەرخەمی و بێسەرووبەری لەشێوازی وەبەرهێنان بکەوێتەوە))، بۆیە کۆمپانیاکان لەو وڵاتەدا بەبێ توێژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەی ئابووریی پلان و بەرنامەکانیان دانانێن، ئەو لێکۆڵینەوانەی کەکەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە ئابووریدا لە ڕێگای نووسینگە ڕێگە پێدراوەکانەوە ئەنجامی دەدات و پابەندی مەرج و ڕێنماییە زانستییەکانی کارو ئابووری دەبێت. لەهەرێمی کوردستان بەدەیان پرۆژەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، کەچی زۆربەی جار لایەنی پەیوەندار بەوەبەرهێنان یاخوود پیشەسازی و کشتوکاڵ پابەندی ئەو ڕێنماییە زانستییانەی ئابووری نین، کەپێویستە پێش مۆڵەتدان بەپرۆژەکە بەو فیلتەرەدا ڕۆشتبێت و، دەزگایەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری بۆ کردبێت، کەلێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەخۆدەگرێت لەبوارەکانی کەڵکی ئابوورییانەو بازاڕو قازانج و توانای کێبرکێکردن و مەترسییەکانی ئایندەیی . توێژینەوەی کەڵکی ئابووری بۆ ئابووری هەرێمەکەو وەبەرهێنەرەکەش بەسوودەو لەمەترسییەکانی کار دەیپارێزێت، کەواتە بۆچی وەبەرهێنەرێك کاتێك پرۆژەیەکی لەبەرنامەدایەو بەبەهای ملیۆنەها دۆلارە، کەچی خۆی لەلێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری بەدوور دەخات؟ ئەم خۆ دوورخستنەوەیە لەئەنجامدانی لێکۆڵینەوە زانستییەکان گومان لەپرۆژەکەو مەبەستی بیزنسکارەکەش دروست دەکات و زۆرجار خۆدزینەوەشە لەجێبەجێکردنی ئەو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەی کەپەیوەندی بەبەرژەوەندی گشتییەوە هەیە. هاوکات زۆر گرنگە بەپێی یاساو ڕێنمایی سەرجەم گرێبەستەکان ڕێکخرێت و شەفافییەتی تێدا بێت و ڕەچاوی یەك سیستەمی یاسایی و یەکسانی و کێبرکێ و شەفافییەت بکرێت، ئەمەش وایکرد فەرمانگەیەك لە وەزارەتی پلاندانان دامەزرێت بەناوی (فەرمانگەی ڕێکخستنی گرێبەستە حکومییەکان).

کۆمپانیاکان لەچوارچێوەی ئابووری جیهانی کار دەکەن و ئەو ڕاستییە دەزانن کەپێویستییان بەدارشتنەوەی ستراتیژییەتێکی نوێ هەیە، کەتواناترو کاریگەرتر بێت لەبەڕێوەبردنی مەترسییەکانی کارو ئەخلاقییەتی کارکردنیشی بپارێزێت، بەڵام لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییەشدا کۆمپانیاکان هەروا بەئازادانەیەکی ڕەها کار ناکەن، بەڵکو کەوتوونەتە ناو چوارچێوەی ئابوورییەکەوە کەلە ڕێگای حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەکارهێنەریشەوە فشارو پاڵەپەستۆیان لەسەرەو پەرپرسیارێتیشیان دەکەوێتە ئەستۆ. (ئادەم سمیس)ی ڕابەری هزری لیبرالیزم کاتێك پێی وابوو بازاڕ خۆی خۆی ڕێك دەخات و لێبگەڕێ باکار بکات، مەبەستی ئەوە نەبوو بازاڕو ئابووری ئاساییە بەشێوەی پشێویی و بێسەروبەریی دەچێت بەڕێوە. بەڵکو ئەو بیرمەندە ئابوورییە دەیزانی بازاڕ بێ دەستتێوەردان و قۆرخکاری بەتیۆری زانستی خۆی دەچێت بەڕێوە. بۆیە پێویست بەوە دەکات حکومەت دەسەڵاتی بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری بەکار نەهێنێت و تەنیا چاودێرو بەدواداچوون و ئاراستەی بکات و، بەهیچ شێوەیەك بەرامبەر کەسان و بیزنسکارو بازرگانێك خۆش نەبێت کە گەمە بەنرخ و بەهاو جۆرو کوالێتی پرۆژەکانەوە دەکەن، کەمتەرخەمی و ساختەکاری لەکارو پرۆژەکاندا وەکو ڤایرۆسێك وایە هەموو بوارو کەرتە ئابوورییەکان دەگرێتەوە، لاوازی لەجێبەجێکردنی پرۆژەکان جگە لەزیانە ماددی و ئابوورییەکانی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی



خۆ دوورخستنەوە لەئەنجامدانی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ئابووری، گومان لەپرۆژەکەو مەبەستی بیزنسکارەکەش دروست دەکات

کەمتەرخەمی و ساختەکاری لەکارو پرۆژەکاندا وەکو ڤایرۆسێک وایە هەموو بوارو کەرتە ئابوورییەکان دەگرێتەوە

کۆمەڵێـــك دیاردەی ســـلبی لەوانــە( خراپی ژینگەی کار و تـــرس و نیگەرانی لەدوارۆژ و زیادبوونـــی ململانێـــی نێوان کەســـەکان و دەرکەوتنی دیاردەکانـــی گەندەڵی و رۆتین و بیرۆکراتییەتی سلبی و..).

## دواکەوتنی پرۆژەکان و خراپی کوالێتی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

کاتێك باس لەپرۆژەکان دەکەین بەشـــێوەیەکی گشـــتی مەبەســـت لە جێبەجێکردنـــی پرۆژە خزمەتگوزارییـــەکان و وەبەرهێنەکانـــە، کە لە ئابووری بازاڕدا لەڕێـــگای کەرتی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێت و کۆمپانیاکان رۆڵی کاریگەرو گرنگـــی تێدا دەبینـــن، لەدووتوێی رۆژنامەو گۆڤـــارو کەناڵەکانی راگەیاندندا بەبەردەوامی گوێبســـتی دواکەوتـــن و خراپـــی کوالێتی ئـــەو پرۆژانە دەبین، هەندێك لەو پاســـاوانەی کۆمپانیـــاکان باســـی لێوە دەکـــەن و کە بۆتە هـــۆی دواکەوتنـــی تەواوبوونی پـــرۆژەکان راســـت و واقیعییانەیە، بەڵام زۆربەی جاریش پاســـاوەکان بۆ خۆدزینەوەیە لەو راستییەی کە بیزنسکارەکە ویستوویەتی قازانجێکی زیاتری دەســـتکەوێت خەملاندنی بۆ تێچوونی کارەکە راســـت و دروست دەرنەچووەو بەڕێوەبەرێکیشی نەبـــووە لە ماهییەت و گرنگـــی بەڕێوەبردنی مەترســـییەکانی کار بزانێت، تەنانەت زۆرجار لەکاتـــی دامەزراندنـــی کارگەیەکـــدا یاخود پرۆژەیەکی وەبەرهێنان نەتوانراوە بەسەرکەوتوویی لێکۆڵینـــەوەی کەڵکی ئابـــووری بۆ پرۆژەکە بکرێت و بێ توێژینەوەیەکی زانستی ئابووری بەڕێکراوە.

**لێـــرەدا بەکورتـــی هەندێك لـــەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی دواکەوتنـــی پرۆژەکەو خراپی کوالێتی جێبەجێکردنی دەخەینە روو:**

١- دەرکردنـــی بڕیاری خێرا بـــۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان بێ لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری.
٢- نەبوونـــی بەڕێوەبەرێکی باش و شـــارەزا لەبەڕێوەبردنی مەترسییەکانی کار.
٣- ناســـەقامگیری ژینگـــەی ئابـــووری و بەرزبوونەوەی نرخ و بەهاکانی کەرەستەو کار.
٤- کەوتنـــەوەی قەیرانـــە ئابوورییـــەکان و بێبازاڕی.
٥- خەمڵاندنـــی بڕی تێچوونـــی پرۆژەکان کەموکورتی تێدایە.
٦- رۆتینی کارکردن و دواکەوتنی ســـلفەکان و لاوازی سیستەمی قەرز پێدان.
٧- فرۆشـــتن و دەستاودەســـتکردنی پرۆژەکان یاخود دابەشـــکردنی کارەکان بەســـەر چەند کۆمپانیایەکـــی بچووکی بێ توانای مادیی و مرۆیی.
٨- پۆلێن نەکردنـــی بەردەوامی کۆمپانیاکان، چونکـــە بارودۆخی ئابووری و بـــازاڕ هیچ کۆمپانیایەك لەدۆخی خۆیدا ناهێڵێتەوە.
٩- وەرگرتنی ژمارەیـــەك پرۆژە لەلایەن یەك کۆمپانیاوە لە یەك ماوەدا .
١٠- بوونی کەرەستەو کەلوپەلی خراپ و نزمی کوالێتی لەبازاڕەکانی کوردستان.
١١- مەحســـوبییەت و پێدانی پرۆژە لەســـەر بنەمای دوور لەزانستی و یاسایی.
١٢- لاوازی سیستەمی یاسادانان و چاودێری دارایی و لێپرسینەوە.

## بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی کار چی بکرێت ؟

رۆژانە گوێبســـتی بێمایەبوونی کۆمپانیاکان دەبیـــن، یاخـــود ناوبەناو گوێبســـتی ناوی ئـــەو کۆمپانیانە دەبین کـــە حکومەتی هەرێم لە(لیستی رەش)دا دایناون، لەسەرەتای مانگی نیســـانی ئەمساڵیشـــدا نـــاوی ١١ کۆمپانیا راگەیەنرا کەلەشـــاری هەولێر خراونەتە لیستی رەشـــەوە، ئەم حاڵەتە لەناو دۆخـــی ئابووری بازاڕدا ئاساییە، بەوپێیەی بارودۆخی ئابووری ســـەقامگیر نییـــەو زۆرجاریـــش بەهۆی ئەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا سەرپێچی لە رێنمایی و راسپاردەکان دەکرێت و کەمتەرخەمی لەبەڕێوەچوونـــی پـــرۆژەکان دەکرێـــت، لێرەدا حکومەت بەرپرســـیارێتی لەئەســـتۆ دەگرێت و سیســـتەمێك بۆ کارو کردەوەی ئەخلاقییانە بنیات دەنێت، کاتێکیش کۆمپانیاکان پشتگیری دەکرێن و ئاسۆی کارو چالاکییەکانیان بۆ زامن دەکرێت و بەشداری پرۆسەی ئابووری دەکرێن، پێویســـتە پەیڕەوکردنی پێوەرە ئەخلاقییەکانیان بچەســـپێنرێت. چارەســـەرکردنی گرفتـــی دواکەوتنـــی پـــرۆژەکان و نزمـــی کوالێتییان ئەرکی حکومەتە، چونکە ئەم حاڵەتە ئاســـتی بـــڕواو ئومێد بەئابووری کـــەم دەکاتەوەو زیان بەداهاتـــی نەتەوەو تاکەکەســـیش دەگەیەنێت، لەهەرێمی کوردســـتان زۆربەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت نەیانتوانیووە لەرووی کوالێتی و تواناییەوە بەرەو پێشەوە بچن، کە مەترسی وای لێدەکەوێتەوە دۆخی ئابووری بۆ دواوە بچێت و کۆمپانیاکانی کوردستان نەتوانن کێبرکێ لەگەڵ کومپانیا دەرەکییەکان بکەن، ئابووری کوردستان لەئابوورییەکی بەکارهێنەرەوە بەرەو ئابوورییەکی بەرهەمهێن بـــەرن، گەرچی لـــەدوا ئاماری کارگەکانی کەرتی تایبـــەت لەم ٣ مانگەی رابردوودا نزیکـــەی ١٦ کارگەی جۆراو جۆر لەبوارەکانی دروستکردنی بیناسازی و بەرهەمە خۆراکییەکان و ئاسنگەری دامەزراون، کاریش بۆ جێبەجێکردنی ٣ کارگـــەی جیاکردنەوەی زبڵیش دەکرێت، بەڵام هێشتا ژمارەو توانایی ئەم کارگانە بەپێی پێویســـت نییە، دامەزرانی ئەم کارگانە توێژینەوەی کەڵکی ئابووری باشیان بۆ ناکرێت، پێشتر لە هەرێمی کوردستان بەدەیان کارگەی بیناسازی و بەرهەمە خۆراکییەکان( پیشەسازی خۆراکی ) دەبینرا لەگەڵ والابوونی سنوورەکان و کرانەوەی دەروازە بازرگانییەکانی سەرســـنوور یەك لەدوای یەکـــی ئەو کارگانە رووبـــەرووی بێمایەبـــوون بوونـــەوەو لەکاری بەرهەمهێنان راوەســـتان. لەبواری ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیشـــدا کە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ســـاڵانە گرێبەستی بۆ دەکات و دەخرێنە بـــواری جێبەجێکردنەوە زۆر لەکۆمپانیـــا جێبەجێـــکارەکان کەمتەرخەمی دەنوێنـــن لەخێـــرا تەواوکردنـــی ئـــەو پرۆژە گرنگانە کەپەیوەندی بەبژێوی ژیان و داهاتی تاکەکەسییەوە هەیە.

لەسیستەمی سۆشیالیســـتی و پەیڕەوکردنی ئابووری ناوەندی (مرکزی ) حکومەتەکان پەنایان بۆ پاڵپشـــتی و پشتگیری بەرهەمی خۆماڵی پیشەســـازی و کشـــتوکاڵی دەبرد لەڕێگای قەدەغەکردنی هێنانی بەرهەمی بیانی یاخود دانانی باجێکـــی زۆری گومرکی، بەڵام لەم سەردەمەداو لەگەڵ پاشاکشەی نزام و بەرنامە سۆشیالیســـتییەکان و کرانـــەوەی بـــازاڕەکان حکومەتـــەکان لەڕێـــگای قـــەرزو هاوکاری مادییەوە پاڵپشـــتی بەرهەمی خۆماڵی دەکەن و هانی بەرهەمهێنەکان دەدەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و توانایی کێبرکێکردن . کاتی ئەوەهاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری پرۆژەکان مۆڵەتی دامەزرانی پـــرۆژەی وەبەرهێنان نەدات، کـــە ناوەندێکی ســـەربەخۆی ئابـــووری چاوخشـــاندنەوە بەو لێکۆڵینەوانـــەدا بکات، هـــاوکات حکومەت دەتوانێـــت لەڕێـــگای قـــەرزەوە زامنی خێرا جێبەجێکردنـــی پرۆژەکانـــی خزمەتگوزاری بکات و سیســـتەمی چاودێری دارایش رۆڵی خـــۆی ببینێت لەچاودێـــری و بەدواداچوونی کارو پرۆژەکان، دەزگای کۆنترۆڵ و پێوانەیی جۆریش هەڵسێت بەدانانی کارگە یاخود ناوی ئەو کۆمپانیایەی کەرەستەو کالا بازرگانییەکان دەهێنێتە کوردســـتان و لێپرســـینەوەش بکرێت لەو کۆمپانیاو بیزنســـکارانەی گەمە بە نرخ و بەهاکانـــی بازاڕەوە دەکـــەن، بۆ ئەوەی چی تـــر پرۆژەکانمان دوانەکەوێت و بەشـــێوەیەکی

**کاتێکیش کۆمپانیاکان پشتگیری دەکرێن و ئاسۆی کارو چالاکییەکانیان بۆ زامن دەکرێت و بەشداری پرۆسەی ئابووری دەکرێن، پێویستە پەیڕەوکردنی پێوەرە ئەخلاقییەکانیان بچەسپێنرێت**

**کۆمپانیاکان هەروا بەئازادانەیەکی رەها کار ناکەن، بەڵکو کەوتوونەتە ناو چوارچێوەی ئابوورییەکەوە کەلە ڕێگای حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەکارهێنەرەکانەوە فشارو پاڵەپەستۆیان لەسەرەو پەرپرسیارێتیشیان دەکەوێتە ئەستۆ**

کوالێتـــی بەرز لەمـــاوەی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێت و کۆمپانیاو بیزنسکارەکانیش لـــە زیـــان و ئەگەرەکانـــی مەترســـییەکانی کار دوور بن، بەشـــێوەیەکی گشـــتی ئەرکی سیاسەتمەدارانە ژینگەیەکی لەباری ئابووری و کار لەهەرێمەکەدا دابیـــن بکەن، بەتایبەتی هەنگاونان بـــەرەو دامەزرانـــی ئابوورییەکی بەهێزوو زیندوو بنێن، تێیدا زۆرینەی هاوڵاتییان بەشداری لەو پرۆسەیە بکەن و بیزنسکارەکانیش ئاراســـتەی ئەو شـــێوازەی کارکردن بکرێن کە پاڵپشتی و پشـــتگیری ئابووری بازاڕ بکەن. لەم پرۆسەیەدا نابێت دامەزراوەکانی توێژینەوەو لێکۆڵینـــەوەی ئابـــووری پشـــتگوێ بخرێن، ســـوود لەئەزموونی ئەو وڵاتانـــە وەرگیرێت کەبەهاوشێوەی ئێمە لەقۆناغی راگوزەردا بەرەو ئابـــووری بازاڕ هەنگاویان نـــاوە، بەو پێیەی چالاکییـــە ئابوورییەکان تەنیا مەبەســـت لێی دەســـتکەوتی ماددی نییـــە، بەڵکو کۆمەڵێك دەستکەوتی مرۆیی و سەرمایەی مەعریفیشی لە هەگبەدایە، بۆیە پێویستە پێش ئەنجامدانی پـــرۆژەکان گرنگی بە توێژینـــەوەی کەڵکی ئابووری بدرێـــت، چونکە ئابووری لیبرالییەت پشـــتی بەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوە ئابوورییەکان بەســـتووە بۆ رووبەرووبوونەوەی مەترسییەکانی کار سوودی گەورەی لێوەردەگرێت .

### چیك و سلوفاکیا دوو ئەزموون لەبەشداری زۆرینە لەپرۆسەی ئابووری دا

ئەزموونی هەردوو وڵاتی چیك و ســـلۆ فاکیا لەبواری پرۆژەکان ســـەرکەوتنێکی باشـــی تۆمار کـــردووە، بەرادەیـــەك دەتوانرێت ئەم ئەزموونە بەپێشـــەنگ دانرێت بەهاوشێوەی قۆناغی گواستنەوەی ئابووری سۆشیالیستی بۆ ســـەرمایەداری و بەتایبەتکردنی پرۆژەو دامەزراوەکانـــی کـــە لەکۆتایـــی ســـەدەی رابردوو هەردوو وڵات دەســـتیان بەو پرۆسەیە کـــرد، بەتایبەتکردن لـــەو دوو وڵاتەدا بەپێی پێداویســـتییە ئابووری و سیاســـییەکان بوو، زۆربەی کەرتە ئابوورییەکان درایە هاوڵاتییان و زۆربەی جەماوەر راکێشـــرایە ناو پرۆسەی ئابوورییەوە، ئەمەش پێی دەوترا بەتایبەتکردنی میللی بەپاڵپشتی دامەزراوە دیموکراتییەکان و ســـەقامگیری سیاســـی و پەیڕەوکردنی فیدرالییەت . کاتێك پرۆژەکانی ئەم دوو وڵاتە بەتایبەتی ســـلۆڤاکیا رووبەرووی ئیفلاسبوون و شکســـت بوونـــەوە حکومەتی ســـلۆڤاکیا لەڕێگای قـــەرزی درێژخایەنەوە رووبەرووی دارمانە چاوەڕوانکراوەکە بووەوە، ستراتیژییەت و ئامانجـــە روونەکانی بەڕێوەبردنی ئابووری وای لەدامەزراوە حکومییەکان کرد دەسەڵاتی بەسەر ئابووری بەشێوەیەکی خێرا کەم بکاتەوەو بەزیادکردنی ئاشـــکراو لـــە ڕێگای کۆبۆن-ەوە دامـــەزراوەکان و پـــرۆژە ئابوورییەکانی بەتایبـــەت کرد، ئەمەش لەپرۆســـەیەکدا کە ٨ملیۆن و ٦٠٠هەزار هاوڵاتی بەشـــدار بوو تێیدا. حکومەت بەرپرسیارێتی ئاراستەکردن و پاراســـتنی بازاڕەکانی لەئەســـتۆ گرتووەو یارمەتـــی و هاوکارییەکی باشـــی کەرتی تایبـــەت دا، بەڵام ئەم یارمەتییانە بێ مەرج نین و لەکاتی کەمتەرخەمی و شکســـتهێنان بەپرۆژەیەکدا لێپرســـینەوەی توند ئاراستەی ئەو کۆمپانیاو بەڵێنـــدەرە دەکرێت، کە گەمە بەئابووری و مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەکەو بەهاو نرخەکانی بـــازاڕەوە بکات، هاوکاری و یارمەتییەکانـــی حکومـــەت بـــۆ کەرتی تایبەت وایکرد لەماوەیەکی کورتدا نەك تەنیا کۆمپانیاکانی سلۆڤاکیا پێداویستی و کارەکان لەناوخۆی وڵات بگرنە ئەســـتۆ، بەڵکو بەرەو کاری وەبەرهێنان چوون لەســـەرجەم کیشوەرو وڵاتانـــی بیانی دا، لەقۆناغـــی بونیاتنانەوە بەشێوەیەکی یەکســـان و دادپەروەرانە پرۆژەو کارەکان بەســـەر کۆمپانیـــا کان دابەش کراو دەســـەڵاتی حکومەتیـــش بەســـەر ئابووری کەمکرایەوەو هەر زوو یاساکانی دژایەتیکردنی قۆرخکاری دەرچوو.



حکومەتی سلۆڤاکیا لەڕێگای قەرزی درێژخایەنەوە رووبەرووی دارمانە چاوەڕوانکراوەکە بووەوە

فرۆشتن و دەستاودەستکردنی پرۆژەکان یاخوود دابەشکردنی کارەکان بەسەر چەند کۆمپانیایەکی بچووکی بێ توانای مادیی و مرۆیی، هۆکارێکی پەکخستنی پرۆژەکانە

لەهەرێمی کوردستان زۆربەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت نەیانتوانیووە لەرووی کوالێتی و تواناییەوە بەرەو پێشەوە بچن



# تەقینەوەکانی دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن

# پەیامێکی ترسناکە بۆ ئایندەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا

پەیامی من بۆ سەرکردە سیاسییەکانی عێراق ئەوەیە، کە لە ڕێگەی ئەم گۆڤارە پێیان دەڵێم ئێوە لەسەر دووڕیانێکی مێژوویی ڕاوەستاون، ئەگەر خەڵکی خۆتان نائومێد بکەن، ئەوا توندوتیژی و داگیرکاری لە وڵاتەکەتاندا بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوە ئێوە بەرپرسیارێتیەکی گەورەتان لە ئەستۆیە و لە ڕاستیدا ئایندەی ئەم گەلە مەزنە لە ئەستۆی ئێوەیە، پێویستە کار بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی بکەن.

ستۆران ستیڤنسۆن ٢٠١٠/٤/٩ بۆ گوڵان



> **لەپشت ئەم کارە خۆکوژیانەوە بەرنامەیەکی سیاسی دژی سەقامگیری سیاسی و سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا هەیە**

ئەو تەقینەوانەی دوای راگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ٧ی مارت، بەغدا و چەند شوێنێکی دیکەی عێراقی گرتەوە، سەرلەنوێ جیهانی لە مەترسی دووبارە ئاڵۆزبوونەوەی باری ئاسایشی عێراق و گەڕانەوە بۆ ناوبازنەی توندوتیژییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ بەئاگا هێنایەوە، ئیدارەی ئەمەریکی خستە تەنگژەیەکەوە کە نەتوانێت بە ئاسانی لە مانگی ئابی دادێ هێزەکانی لە عێراق کەمبکاتەوە، ئەم مەترسیە وایکرد بێجگە لەوەی لەسەر ئاستی پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق ئەم کردەوانە مەحکوم و ریسواکران، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆشکی سپیش سەرکۆنە و ریسواکران، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی هەڵوەستەکردنە و مەترسییەکانی ئایندەی لەپشت ئەم کارە تیرۆریستیانەوە لێدەخوێنرێتەوە، ئەوە نییە ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پێکهاتە سیاسییەکانی سەرکۆنەی ئەم کارە نامرۆڤانانە دەکەن یان نە ؟ بەڵکو مەترسییەکە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم تەقینەوانە لە چەند روویەکەوە لە تەقینەوەکانی دیکە جیاوازن، پرۆفیسۆر ( فیبی مار)کە یەکێکە لەو پسپۆرانەی لە ئیدارەی ئەمەریکیەوە نزیکە و تایبەتمەندە لەسەر دۆسێی عێراق و بۆچوونەکانیشی لەسەر بنەمای زانیاری راست و ئەکادیمیانە دەردەبرێت، بۆ ئەم راپۆرتە پێی راگەیاندین ئەوەی تا ئێستا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە:

١- ئەنجامدەرانی ئەم تەقینەوانە گروپێکی رێکخراون، لەبەر ئەوەی کارەکەیان بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو ئەنجامداوە و عەفەویانە نەبووە.

٢- ئەو کەسانەی ئەو تەقینەوانەیان ئەنجامداوە، لە دەرەوەی عێراقەوە نەهاتوونە ناو عێراق، بەڵکو هەر لەناو عێراقدا بەرنامەیان بۆ ئەم تەقینەوانە دارشتووە.


ئەم دووخاڵە گرنگن، لەبەر ئەوەی پێمان دەڵێن لەپشت ئەم کارە خۆکوژیانەوە بەرنامەیەکی سیاسی دژی سەقامگیری سیاسی و سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا هەیە، بەڵام گرنگە ئەو خاڵە جیابکەینەوە کە ئەو بەرنامە سیاسییەی لە پشت ئەو تەقینەوانە بەدیدەکرێن، دەستی ئەو لایەنانەی لە پشتەوە نییە کە لە دوای راگەیاندنی ئاکامی دەنگدانەوە بە لیستی براوەی هەڵبژاردنەکان ناو دەبرێن کە ئەوانیش برتین لە لیستەکانی ( ئەلعراقیە، دەوڵەتی قانوون، هاوبەندی نیشتمانی عێراقی و ئەو لیستانەی دیکەش کە بە ژمارەی کەمتر کورسی پەرلەمانیان هێناوە)، هۆکاری لێکجیاکردنەوەی ئەمجارەی پێکهاتە سەرەکییەکان کە پەیوەندیان بەو تەقینەوانە نییە، لەبەر ئەوەیە کە پێکهاتە سەرەکییەکان لەگەڵ ئەوەی هەندێك تانەشیان لە ئاکامی دەنگدانەکە داوە و سکالایان لای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تۆمارکردووە، بەڵام ئاکامی دەنگدانەکەیان رەتنەکردۆتەوە، کەواتە ئەم شرۆڤەیە بەرەو ئەو ئاراستەیەمان دەبات کە گومان لەسەر ئەو کەسانە زیاتر چڕدەبێتەوە کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە و پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی لە عێراقدا یەکناگرێتەوە، یان لە سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا بەرژەوەندییەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڕێز ستۆران ستیڤنسۆن پەرلەمانتاری یەکێتی ئەوروپا و سەرۆکی شاندی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا، کە لەم راپۆرتە بەشداری کردوین و پەراگرافێك لەو قسانەی بۆی کردوین، لە پێشەکی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکردووە، باردۆخەکە لەوە بە مەترسیدارتر دەزانێت کە تەنها چەند تەقینەوەیەك بێت و بەس. بۆیە راشکاوانە دەڵێت : بۆ ئێمە لە یەکێتی ئەوروپا مایەی کارەساتێکی گەورەیە کە دوای ئەو هەڵبژاردنە (کە ئێمە وەك یەکێتی ئەوروپا سەرنج و تێبینی خۆمان هەیە) ئێستا بێن دیموکراتی بە توندوتیژی بگۆڕنەوە، بەڕێز ستیڤنسۆن کە رۆژانە لە نزیکەوە چاودێری باردۆخی عێراق دەکات و لەناو عێراقەوە رۆژانە بەرێگەی پۆستی ئەلیکترۆنی و تەلەفونەوە لە وردەکارییەکان ئاگادار دەکرێتەوە، مەترسی پشتی ئەم تەقینەوانە بە گۆڕینەوەی دیموکراسی بە توندوتیژی ناو دەبات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوانەی لەپشت ئەم تەقینەوانەن بەرنامەیەکی سیاسیان هەیە و دەیانەوێت توندوتیژی و شەڕی ناوخۆ جێگەی دیموکراسی و پێکەوەژیان بگرێتەوە.

> **گومان لەسەر ئەو کەسانە زیاتر چڕدەبێتەوە کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە و پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی لە عێراقدا یەکناگرێتەوە**

## دوای ٧ ساڵ لەپرۆسەی ئازادکردنی عێراق پرۆسەی سیاسی لەبەردەم مەترسی گەورەدایە

هەفتەی رابردوو کە هەشتەمین ساڵیادی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و رووخانی رژێمی بەعسی دیکتاتۆر بوو لە عێراقدا، هاوکات لە هەمان هەفتەدا زنجیرەیەك تەقینەوە بەغدا و چەند شوێنێکی دیکەی عێراقی هەژاند، بۆیە ئەگەر لە لایەکەوە ئەم تەقینەوانە بە هۆکارێك بۆ راگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی بگێڕینەوە، ئەوە لەلایەکی دیکە بە هۆکارێك بۆ بۆنەی رووخانی رژێمی پێشوش دەخوێنرێتەوە و پێدەچێت ئەوانەی ئێستاش خەو بە گەڕانەوەی رژێمی دیکتاتۆر بۆ عێراق دەبینن، بەمجۆرە یادی ئەو رۆژە بکەنەوە کە بۆ عێراق رۆژی ئازادکردنە لە دیکتاتۆری، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، کە لەدوای حەوت ساڵ لە ئازادکردنی عێراق و ئەنجامدانی چەندین هەڵبژاردن، هێشتا پرۆسەی سیاسیی عێراق لەبەردەم هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەدایە و خاڵی هاوبەش لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بەو ئاستە نییە کە بتوانرێت گوتارێکی سیاسییانەی عێراقی لێ بەرهەمبێت کە رەنگدانەوەی عێراقێکی دیموکراتی و فرەیی و فیدراڵی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە بێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەقڵیەتی

سیاسی لە عێراقدا بەو ئاستە نییە کە بتوانێت بە ڕێگەی دیموکراتیانە و لە ژێر سایەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقیدا کار بۆ ئایندەی عێراق بکرێت و ئایندەی عێراق لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەستوورە بونیاد بنرێتەوە، ئەم واقیعە بەجۆرێك هەڕەشەی لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق دروستکردووە کە زۆربەی چاودێران بیر لەوە ناکەنەوە چۆن پرۆسەکە بەرەو سەرکەوتن دەچێت، بەڵکو بیر لەوە دەکەنەوە چۆن ڕێگە لەوەبگرن پرۆسەکە ڕووبەڕووی شکست نەبێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە شکستی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا تەنها ڕەنگدانەوەی سلبی لەسەر ژیانی عێراقییەکان بەجێ ناهێڵێت، بەڵکو هەندێك چاودێر بەو ئاستە سەیری دەکەن کە شکستی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا سەرتاپا سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت و سەرلەنوێ هاوکێشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە جۆرێکی دیکە پۆلێن دەکاتەوە، ئەم حاڵەتە بۆ لایەنگرانی ڕژێمی پێشوو سەرکەوتنێکی گەورەیە، بێگومان سەرکەوتنی گەورە بەو مانایە نییە کە لایەنگرانی ڕژێمی پێشوو لەسەر ئاستی رای گشتی پێشوازیان لێدەکرێت و پشتگیری دەکرێن، نەخێر سەرکەوتنەکەیان بەو مانایەیە کە رای گشتی عەرەبی عێراق بە سوننە و شیعەوە، هەروەها رای گشتی جیهانی عەرەبیش هاوسۆزن لەگەڵ ئەو هەوڵانەی بۆ شکستی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا دەنرێن، بۆیە کە سەیری واقیعی عێراق دەکەین دوای ٧ ساڵ لە ڕووخانی دیکتاتۆری لە عێراقدا، دەبینین هەتا ئێستا ئەوانەی خۆیان بەلایەنگری عێراقی نوێ دەزانن، ژمارەیان لەو خەڵکانە کەمترن، کە ئەگەر داوای گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس نەکەن، بەڵام داوای سیستمێکی سەنترالی بەهێز دەکەن کە هیچی ئەوتۆی لە سەنترالیزمەکەی بەعس کەمتر نەبێت.



**ئەوانەی لەپشت ئەم تەقینەوانەن بەرنامەیەکی سیاسیان هەیە و دەیانەوێت توندوتیژی و شەڕی ناوخۆ جێگەی دیموکراسی و پێکەوەژیان بگرێتەوە**

**ئەقڵیەتی سیاسی لە عێراقدا بەو ئاستە نییە کە بتوانێت بە ڕێگەی دیموکراتیانە و لە ژێر سایەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقیدا کار بۆ ئایندەی عێراق بکرێت**

بەڕێز ستۆران ستیڤنسۆن کە ئێستا سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەوروپایە بۆ پەیوەندی یەکێتی ئەورپا لەگەڵ عێراق، هەروەها یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی لەناو پەرلەمانی ئەوروپادا بایەخێکی زیدەگرنگ بە کێشـــەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەدات، لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی ٧ی مارتدا، ئێمە دیمانەیەکی تایبەتمان لەگەڵ بەڕێز ستیڤنسۆن ئەنجامدا،لەو دیمانەیە وا بڕیارماندا کە دوای هەڵبژاردنـــەکان جارێکی دیکە ڕای بەڕێزی وەربگرینەوە، بۆیە دوای ڕاگەیاندی ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکان و ئەو ڕووداوانەی روویاندا، بەپێویســـتمان زانـــی رای بەڕێزی دووبارە وەربگرینەوە، هەروەها هەڵوێســـتی پەرلەمانی ئەوروپا لەســـەر گۆڕانکارییەکانی عێراق بزانین، بۆیە پەیوەندیمان بەبەرێزیەوە کردوو، بەسوپاســـەوە بەڕێز ستۆرانت ستیڤنسۆن بەمجۆرە لە وەڵامی پرسیارەکانماندا بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

ستۆران ستیڤنسۆن بۆ گوڵان:

# بەبێ بەشداری کورد هیچ حکومەتێکی نیشتمانی لە بەغدا پێکنایەت

**هەوڵەکانی ڕەتکردنەوەی مافی هەندێ لەو پاڵێوراوانەی لە لیستەکەی عەللاویدان و بێبەشکردنیان لە مومارەسەکردنی مافی ئەندامێتی بە پاساوی بەعسیبوونیان، هەوڵێکی فەزیحە ئامێزە**

**هەردوو جەنەراڵ پەترایۆس و ئۆدێرنۆ پەنجەی تاوانبارکردنیان دژی ئێران ئاڕاستە کردووە کە دەستێوەردان لە کاروباری عێراق دەکات**

*** ئێمـــە وەك گۆڤـــاری گـــوڵان لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا لەگەڵ بەڕێزت قسەمانکردوو، ئێستاش حەزد دەکەین ڕای بەڕێزت لەدوای هەڵبژاردنەکان بزانین؟**

- ئەوەی ئاشکرایە بەڕێز عەللاوی سەرکەوتنی بەدەســـتهێناوە لە هەڵبژاردنەکاندا، گەرچی بە جیاوازی دوو کورســـیش بێـــت، هەروەها هەوڵەکانـــی ڕەتکردنـــەوەی مافی هەندێ لەو پاڵێوراوانەی لە لیســـتەکەی عەللاویدان و بێبەشـــکردنیان لە مومارەسەکردنی مافی ئەندامێتـــی بە پاســـاوی بەعســـیبوونیان، هەوڵێکی فەزیحە ئامێزەو لە ڕاستیدا سەرەنجام و چارەنووســـی ئەم هەوڵانەش هەر شکســـت دەبێت، هەرچەندە لابردنـــی ئەو ئەندامانەش ماف بە لیســـتەکەی عەلـــلاوی دەدات بۆ ئەوەی کەســـانی دیکە لە جێگەیان دابنێت. لەگەڵ ئەوەشـــدا دەبێت عەللاوی هەڵبستێت بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ ئەوەی بتوانێت حکومـــەت پێکبهێنێت، کە مـــن پێم وایە لەم ڕووەوە ڕەوتی سەدر دەتوانێت تای تەرازووەکە بەلایەکدا ببات و ڕۆڵی (King Maker) ببینێت، هەرچەندە لەو ڕاپرسییەی کە ڕەوتی ســـەدر لە نێو لایەنگرەکانی خۆیدا ئەنجامیدا کەسی یەکەم کە زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا



عەللاوی یاخود مالیکی نەبوو، بەڵکو سەرۆك وەزیرانی پێشوتر، جەعفەری بوو.

*** ئێـــوە مەزنـــدەی ئەوەتان دەکـــرد کە لە هەڵبژاردنەکاندا بە ئاســـتێك ســـاختە بکرێت کە ئاکامـــی هەڵبژاردنەکە بگۆڕدرێت، بەڵام ئێســـتا ئاکامی هەڵبژاردنـــەکان ڕووبەرووی مەترســـییەکی دیکـــە بۆتـــەوە ئەویش ئەو تەقینەوە خۆکوژانەیە کـــە چەند ڕۆژێکە لە عێراق دەستی پێکردۆتەوە، ئایا بەڕێزتان چۆن سەیری ئەو ڕووداوانە دەکەن؟**

- بۆ ئێمە لـــە پەرلەمانـــی ئەوروپا مایەی کارەســـاتێکی گەورەیە کە دوای هەڵبژاردنێك کە ساختەکارییەکی زۆری تێدا ئەنجامدراوە __ من بەڵگەکانی ئەم ساختەکارییەم پێشکەش بەو پەرلەمانەی ئەوروپا کردووە__و هیچ لایەنێك ســـەرکەوتنی گەورەی تێدا بەدەستنەهێناوە، ئێستا کەسانێك بێن و سەرەڕای ئەوە هەوڵبدەن دیموکراســـی بە توندوتیژی بگوڕنەوە، ئێمە دەزانین کـــە خەڵکی عێراق پێویســـتیان بەم توندوتیژی و کـــردەوە دڵڕەقانە نییە، خەڵکی عێراق پێوســـتیان بـــە ئارامی و ئاســـایش و ســـەقامگیری و خۆشـــگوزەرانی هەیـــە، چونکـــە دەرفەتی ئەوە هەیە یاخود عێراق لە توانایدا ببێتە هێزێکی ئابووری گەشـــەکردوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا. لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی ئەم کردەوانە ئەنجام دەدەن دوژمنی عێراقییەکان و کەسانێك نین پەرۆشی ئایندەی ئەو وڵاتەبن.

*** ئێمـــە دەزانین کە دەســـتێوەردانی دەوڵەتە دراوســـێکان لە عێراقدا ڕەنگدانەوەی سلبی لێکەوتۆتـــەوە، بـــە چەشـــنێك هەندێ کەس پێیان وایە ئەم دەســـتێوەردانە هۆکاری ئەوەن کە لایەنە سیاسییەکان نەگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك دەســـتێوەردانی ئەم دەوڵەتانـــە ڕەنگدانەوەیان دەبێت لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا؟**

- له ڕاستیدا ئاماژەی ڕوون بەدی دەکەین کە ئەم دەوڵەتانە دەستێوەردان دەکەن، هەروەها هەردوو جەنەراڵ پەترایۆس و ئۆدێرنۆ پەنجەی تاوانبارکردنیان دژی ئێران ئاڕاستە کردووە کە دەستێوەردان لە کاروباری عێراق دەکات، کە ئەو بەڵگانەی لەم ڕووەوە بە من دراون ئەمە پشتڕاستدەکەنەوە. ئەمەش بە هیچ شێوەیەك مایەی قبوڵکردن نییە و من هیوادارم حکومەتی داهاتووی عێراق کە حکومەتێك هاوپەیمانێتی دەبێت، ڕێگە بە باڵادەستبوون نفوز و دەستڕۆیشتووی ئێران نەدات بەسەر کاروبارەکانییەوە.

*** نکۆڵی ناکرێت کە دابەشبوون و جیاوازی هەیە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، بۆ نموونە لە نێوان شیعە و سوننەکاندا لەسەر ئەوەی کام لەم دوو پێکهاتەیە جڵەوی حکومڕانێتی عێراق بگرنەدەست، لە هەمان کاتدا جیاوازی لە نێو خودی شیعەکانیشدا هەیە، بۆ نموونە هەندێ لایەنی شیعە ڕازی نابن دووبارە مالیکی پۆستی سەرۆك وەزیران بگرێتەدەست، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا یەکلانەکردنەوەی ئەم پرس تا چ ڕادەیەك هەڕەشە لە پرۆسە سیاسییەکەی عێراق؟**

- من پێم وایە هەر کەسێك پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت دەبێت پاڵپشتی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان بەدەستبهێنێت. هەروەها ئەگەر ئێمە لەم ڕووەوە لە عەللاوی بڕوانین، ئەوا سەرەڕای ئەوەی کەسێکی شیعەیە، بەڵام ئەو وەك کەسێکی نەتەوەیی ڕەفتار دەکات و دژی دەستێوەردانی ئێران و دژی تائیفەگەرییە و کار بۆ بەرژەوەندی تێکڕای عێراقییەکان دەکات و لە ڕاستیدا ئێمە پێویستمان بە کەسێکی وەك ئەوە، هەرچەندە من وەك نوێنەری پەرلەمانی ئەورووپا ناتوانم پشتگیری کەسایەتێکی دیاری کراو بکەم و دژی کەسایەتێکی دیکە بووەستمەوە، بەڵام هیوادارم هەر کەسێك ئەم پۆستە بگرێتەدەست، ئەوا بەرژەوەندی عێراقییەکان لەبەرچاوبگرێت و کار بۆ بەرژەوەندییە تائیفیە بەرتەسکەکان نەکات و نەکەوێتە ژێر ڕکێفی نفوز و دەستڕۆیشتویی ئێرانەوە.

*** ئەوەی ئاشکرایە کە هەموو لایەنەکان ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا بکەن، بەڵام مەرجی کوردەکان ئەوەیە کە ئەو لایەنەی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەکەن پابەندبوونی خۆی ڕابگەیەنێت بە دەستورەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەن و پێکهاتە عەرەبییەکان ئامادەن ئەم مەرجە بهێننەدی؟**

- بە دڵنیاییەوە بەشداربوونی کوردەکان لە هەڵبژاردنەکان و بەشداربوونیان لە هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتدا تا دوا ئەندازە گرنگە، بە چەشنێك ناکرێت حکومەتێکی نیشتمانی لە بەغدا پێکبهێنرێت بێ بەشداربوونی کوردەکان، ئەمە هیچ گومانێك هەڵناگرێت، هەروەها من پێم وایە کوردەکان لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا پۆست و پلە و پایەی گرنگیش دەگرنەدەست.

*** هاوکێشە سیاسییەکە بە چەشنێکە کە ئەگەر مالیکی پۆستی سەرۆك وەزیران بگرێتەدەست، ئەوا ئەمە بەو مانایە دێت کە ئێران سەرکەوتوو بووە لە گەمەکەدا، بەڵام ئەگەر عەللاوی ئەم پۆستە بگرێتەدەست ئەوا سەرکەوتن بۆ سعودییە تۆمار دەکرێت، ئایا تا چ ڕادەیەك هاوڕایت لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا؟ و ئایا ڕۆڵی ئەمەریکا چی دەبێت لە کۆنترۆڵکردنی ئەم هاوکێشەیەدا؟**

- لە ڕاستیدا من هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆم بەدی نەکردووە لەبارەی پشتیوانیکردنی سوننەکان لە لایەن سعودییە، بە پێچەوانەوە بەڵگەی ڕاستەوخۆ لە ئارادایە دەربارەی پاڵپشتی ئێران بۆ شیعەکان، بەڵام من هیوادارم لە داهاتوودا حکومەتێك لە عێراقدا بێتەئاراوە کە بەدەست ئەم دەستێوەردانانەوە گرفتار نەبێت، چونکە بێ ڕزگاربوون لە دەستێوەردانی ئەم دەوڵەتانە عێراق ناتوانێت لە ئاشتی و ئاسایش و خۆشگوزەرانیدا بژێیت.

*** ئەگەر پێکهێنانی حکومەتی عێراق کەوتە دوای مانگی ئابەوە، کە وادەی کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئیدارەی مالیکی لە ڕووی کاردانەوەی ڕای گشتی ئەو وڵاتەوە(ئەمەریکا)؟**

- من هیوادارم ئەم پرۆسەیە دوانەکەوێت، لەبەر ئەوەی هەر دواکەوتنێك لەم ڕووەوە دەبێتەهۆی دروستکردنی دەرفەت بۆ ئەوەی لایەنە توندڕەوەکان سوودی لێوەبگرن و بۆشایی و جیاوازییە سیاسییەکان ئیستیغلال بکەن، لەبەر ئەوە هیوادارم بە زووترین کات ئەم حکومەتە پێکبهێنرێت.

*** ئێمە دەزانین ئەمەریکا بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی داوە لە عێراقدا و ئەگەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوابکەوێت ئایا ئەمەریکا پێداچوونەوە بە سیاسەتەکەیدا دەکاتەوە کەپەیوەستە بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا؟**

- من لە ماوەی ڕابردوودا سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکام کرد، بەرپرسە ئەمەریکییەکان ئەوەیان دوپاتکردەوە کە ئەمەریکا هێزەکانی لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا دەکشێنێتەوە، بە چاوپۆشین لەوەی بارودۆخەکە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات.

*** ئاشکرایە کە ڕوودانی توندوتیژی و تەقینەوە پرۆسە سیاسییەکە ئاڵۆز دەکەن و کۆسپ و دژواری بۆ گفتوگۆکانی نێوان لایەنە جیاوازەکان دروست دەکەن، ئایا پێت وایە لایەنە سیاسییەکانی عێراق بتوانن بەسەر دۆخە سەختەدا زاڵبن بە چەشنێك گفتوگۆکانیان بە ئەنجام بگات؟**

- عێراقییەکان لەبەردەم دوو ڕێگاچارەدان، یاخود پێکهێنانی حکومەتێك کە بەرژەوەندی نیشتمانییەکان لەبەرچاوبگرێت، یان ئەوەتا لایەنە توندڕەوەکان دەسەڵات دەگرنەدەست. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر توندوتیژ بەرەو هەڵکشان بچێت ئەوا ڕەنگە ئەمەریکا پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانیدا بکات و هێزەکانی بۆ ماوەیەکی زیاتر لە عێراقدا بهێڵێتەوە، کە ئەمەش دەبێتەهۆی درێژبوونەوەی داگیرکاری ئەمەریکا لە عێراقدا و ئاشکرایە کە عێراقییەکانیش خوازیاری ئەمە نین.

*** ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت؟ ئایا گەشبینیت بە ئایندەی ئەم وڵاتە؟**

- عێراق خاوەنی توانا و سەرچاوەیەکی گەورەیە و ئەگەر بتوانێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەرزبکاتەوە و وەبەرهێنانی دەرەکی ڕابکێشێتە وڵاتەکەوە، ئەوا دەبێتە هێزێکی ئابووری گەشەکردوو لە ناوچەکەدا و دەبێت یەکێك لە نەتەوە بەهێزەکان لە ناوچەکەدا، ئەمە تەنها ئەو کاتە دێتەدی کە کۆتایی بە توندوتیژی بهێنرێت و سەقامگیری بەدەستبهێنرێت، کە ئەمەش پێویستی بە ئیرادەی سیاسی هەیە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەیامی من بۆ سەرکردە سیاسییەکانە، من پێیان دەڵێم ئێوە لەسەر دووڕیانێکی مێژووی ڕاوەستان، ئەگەر خەڵکی خۆتان نائومێد بکەن ئەوا توندوتیژی و داگیرکاری لە وڵاتەکەتاندا بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوە ئێوە بەرپرسیارێتییەکی گەورەتان لە ئەستۆیە و لە ڕاستیدا ئایندەی ئەم گەلە مەزنە لە ئەستۆی ئێوەیە، لەبەر ئەوە پێویستە کار بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتیمانی بکەن، چونکە تەنها بەمشێوەیە دەتوانن ڕێگری لە توندوتیژی تائیفی بکەن، تەنها بەمشێوەیە دەتوانن دەستێوەردانی دەرەکی بووەستێنن، لەبەر ئەوە هەموو جیهان چاودێری بارودۆخەکە دەکەن و چاوەڕێ دەکەن سەرکردە سیاسییەکان لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا بڕیاری ڕاست و دروست بدەن.

**ناکرێت حکومەتێکی نیشتمانی لە بەغدا پێکبهێنرێت بێ بەشداربوونی کوردەکان**

**بەڵگەی ڕاستەوخۆ لە ئارادایە دەربارەی پاڵپشتی ئێران بۆ شیعەکان، بەڵام من هیوادارم لە داهاتوودا حکومەتێک لە عێراقدا بێتەئاراوە کە بەدەست ئەم دەستێوەردانانەوە گرفتار نەبێت**

بەڕێز ئانا گۆمیس کە ئێستا نوێنەری پورتوگالە لە پەرلەمانی ئەوروپا، لەساڵی ١٩٨٢ -١٩٨٦ راوێژکاری دیپلۆماتی سەرۆکی پورتوگال بووە، لەساڵی ١٩٨٦ -١٩٨٩ نێردراوی هەمیشەیی نەتەوەیەکگرتووەکان بووە بۆ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە ژنێڤ و لەساڵی ١٩٩٢ و لە سەردەمی سەرۆکایەتی پورتوگال بۆ یەکێتی ئەوروپا ئەندامی شاندی یەکێتی ئەوروپا بووە بۆ پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٣ باڵیۆزی پورتوگال بووە لە ئەندەنووسیا، ئێستاش لەناو پەرلەمانی ئەوروپا ئەندامی شاندی پەرلەمانی ئەوروپایە بۆ عێراق، سەبارەت بە رەوشی سیاسیی عێراق و ئایندەی عێراق، باڵیۆز ئانا گۆمیس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

ئەو ئەنجامە نزیکانەی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی عێراقەوە هاتنە ئاراوە، لە هەر وڵاتێکی دیکەشدا بوایە دەبووە هۆی ئەوەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوچاری دژواری بکاتەوە

## باڵیۆز ئانا گۆمیس بۆ گوڵان:

# ئەگەر کورد لە حکومەتی ئایندەی عێراقدا بەشداری نەکات عێراق سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت

*** بەڕێزت وەك ئەندامی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ عێراق لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی عێراقن، بۆیە دەمانەوێت بزانین ئایا ئێوە چۆن باری سیاسیی ئێستای عێراق دەخوێننەوە؟**

- ئاگادارم کە ئەو ئەنجامەی لایەنەکان بەدەستیان هێناوە زۆر لێکنزیکن، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە لیستەکەی عەلاوی و مالیکەوە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی سەقامگیر گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا بکەن، بەڵام نازانم ئەو گفتوگۆیانە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆن، هیوادارم بتوانرێت هاوپەیمانێتیەك لەم رووەوە پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی حکومەتی داهاتووی عێراق خاوەنی زۆرینەیەکی گەورەبێت لە پەرلەمانی عێراقدا و حکومەتێك بێت بتوانێت بە سەرکەوتوویی ئەرکەکانی ئەدا بکات.

دواین شت کە عێراق پێویستی پێیەتی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆیە

*** ئایا تاچەند نزیکی ئاکامی هەڵبژاردنی لایەنەکان لە یەکتریەوە دەبێتە هۆکارێك بۆ سەختی گرێدانی هاوپەیمانی یان تێکچوونی رەوشی ئاسایشی عێراق، وەك دەبینن لە چەند رۆژی رابردوو جۆرێك لە هەڵکشان بەرەو توندوتیژی دەرکەتووە؟**

- لە راستیدا ئەو ئەنجامە نزیکانەی لە



هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقەوە هاتنە ئاراوە، لە هەر وڵاتێکی دیکەشدا بوایە دەبووە هۆی ئەوەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوچاری دژواری بکاتەوە، لەبەر ئەوە لەم رووەوە ئەم لایەنانە پێوستیان بە کات هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە رێککەوتن و چارەسەر، پێموایە درەنگ یان زوو دەبێت لایەنە عێراقییەکان بگەنە رێککەوتنێك بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە، بۆ ئەوەی بتوانن حکومەتێکی سەقامگیر بهێننە ئاراوە، لەبەر ئەوەی هەر دواکەوتنێك لەم رووەوە بارودۆخێك دەخوڵقێنێت کە لایەنە توندڕەو و تیرۆریستیەکان دەتوانن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان ئیستیغلالی بکەن.

*** ئایا بەرای بەڕێزت عێراقییەکان خۆیان بە تەنها دەتوانن ئەم قۆناغە تێپەڕێنن و حکومەتێکی نیشتمانی دابمەزرێنن؟**

- لە راستیدا ئەمە ئەرکێکە و دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیان، مەبەستم ئەوەیە دەبێت عێراقییەکان خۆیان هەوڵبدەن چارەسەرێك بۆ ئەم کێشانە بدۆزنەوە، بە چەشنێك سەربکێشێت بۆ هێنانەئارای حکومەتێکی سەقامگیر لە وڵاتەکەدا.
کە لەم رووەوە دەبێت لایەنە سیاسییەکان بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکە لە سەرووی بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی خۆیانەوە دابنێن. لە لایەکی دیکەوە ئەوە ئاشکرایە کە شیعەکان لە عێراقدا زۆرینەن، لەبەر ئەوە دەبێت هەست بکەن نوێنەرایەتیان لە حکومەتدا هەیە، هەرچەندە ئومێدی ئەوە لەم هەڵبژاردنانە دەکرێت کە تا رادەیەك بوبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەم دابەشبوونە تائیفیانە، هەرچونێك بێت، دەبێت حکومەتی داهاتوو بە چەشنێك بێت هەموو پێکهاتەکان هەست بکەن نوێنەرایەتیان تێیدا هەیە بۆ ئەوەی حکومەتێکی سەقامگیر و خاوەن شەرعیەت بێت.

*** بەڵام ئێستا نیگەرانی ئەوە هەیە بارودۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ و دووبارە شەڕی تائیفی سەرهەڵبداتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن لایەن و پێکهاتە سیاسییەکانی وڵاتەکە دەتوانن بەسەر ئەم کۆسپانەدا زاڵبن و ڕێگری لە دووبارە بەرپابوونەوەی شەڕی ناوخۆیی لە وڵاتەکەدا بگرن؟**

- پێموایە دوایین شت کە عێراق پێویستی پێیەتی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆیە، لەبەر ئەوە دەبێت هەموو لایەنە عێراقییەکان کار بۆ ئەوە بکەن کە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکە لە سەروو بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە دابنێن و کار بۆ هێنانەدی چارەسەرێك بکەن کە ببێتە هۆی پێکهێنانی حکومەتێکی سەقامگیر، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئەم بۆشاییە درێژە بکێشێت، ئەوا لایەنە توندڕەوەکان باشتر دەتوانن دەرفەت و کەلێن بۆ جێبەجێکردنی ئەجێنداکانیان بدۆزنەوە.

*** ئێمە دەزانین کە دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لە عێراقدا ڕەنگدانەوەی سلبی لێکەوتۆتەوە، بە چەشنێك هەندێ کەس تەقینەوەکان پەیوەست دەکەنەوە بەم دەستێوەردانانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك هەڵکشانی توندوتیژی لەم ڕۆژانەی دوایی لە عێراقدا پەیوەستە بە دەستێوەردانی ئەم دەوڵەتانەوە؟**

- لە ڕاستیدا هۆکاری دەستێوەردانی ئەم دەوڵەتانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم دەوڵەتانە خوازیاری ئەوەنین عێراقێکی یەکگرتووی دیموکراتی فیدراڵی بێتە ئاراوە، بەڵام پێموایە ئەرکی هێنانەدی عێراقێکی لەم شێوەیە دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیان، لەبەر ئەوە داوا لە تێکڕای سەرکردە سیاسییەکان دەکەم کە وەك پیاوی دەوڵەت ڕەفتار بکەن و کار بۆ هێنانەدی ئەم جۆرە حکومەتە بکەن و لە عێراقدا کەلێن و بۆشاییەك نەهێڵنەوە بۆ دەستێوەردانی ئەم دەوڵەتانە.

*** ئەگەر هاتوو توندوتیژییەکی بەربڵاو لە عێراقدا ڕوویدا بە چەشنێك ئەمەریکا نەیتوانی پاشەکشە بە هێزەکانی بکات، ئایا هەڵوێستی ڕای گشتی ئەمەریکا لە ئاست ئیدارەی ئۆباما دا چی دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا بەشێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئۆباما پەیوەست بوو بە بەڵێندان بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- پێموایە پابەندبوونی ئیدارەی ئەمەریکا بە خشتەی زەمەنی کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا لە بەرژەوەندی ئەمەریکا و لە بەرژەوەندی عێراقیشدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هاتوو بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزبوون بڕوات، ئەوا لەو باوەڕەدام کە ئەمەریکا هێزەکانی پاشەکشە پێناکات. هەروەها ڕەنگە هەندێ لە هێزە توندڕەوەکان ئامانجیان لە ئەنجامدانی تەقینەوەکان ئەوەبێت بۆ زۆرترین ماوە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بمێننەوە بۆ ئەوەی بیکەنە پاساوی کردەوەکانیان. لەم ڕوانگەیەوە پێموایە دەبێت پەرە بە توانای هێزە ئەمنیەکانی عێراق بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکی پاراستنی دۆخی ئەمنی بگرنەئەستۆ، کە لەم کاتەدا هەم هێزەکانی ئەمەریکا دەتوانن بکشێنەوە و هەم هێزە توندڕەوەکان ناتوانن بە ئاسانی کردەوەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و هەم هێزە دەرەکییەکانیش ناتوانن بە ئاسانی دەستێوەردان بکەن.

*** ئەوەی ئاشکرایە کە هەموو لایەنەکان ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا بکەن و ئەوەش ڕوونە کە زەحمەتە بێبەشداربوونی کوردەکان بتوانرێت حکومەت پێکبهێنرێت، بەڵام مەرجی کوردەکان ئەوەیە کە ئەو لایەنەی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەکەن، پابەندبوونی خۆی بە دەستوورەوە ڕابگەیەنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەن و پێکهاتە عەرەبییەکان ئامادەن ئەم مەرجە بهێننەدی؟**

- ئەوەندەی ئاگاداربم کوردەکان بەشێکن لە عێراق، هەروەها بوونی کوردەکان لە عێراقدا دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەو فرەییەی لە وڵاتەکەدا هەیە، لەبەر ئەوە گرنگە کوردەکان لە عێراقدا ئاوێتەبکرێن، بە چەشنێك بتوانن لە هەمان کاتدا ئۆتۆنۆمیەکەیان بپارێزن، لەبەر ئەوەی دوورخستنەوە و بێبەشکردنی کوردەکان دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان دوچاری توندوتیژی ببنەوە، لەم ڕوانگەیەوە هیوادارم کوردەکانیش ببنە بەشێك لەو حکومەتە نیشتمانییەی پێکدەهێنرێت، چونکە کوردەکان لە ڕووی ئازادی و دیموکراسیەوە لە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە پێشکەوتووترن و لەم ڕووەوە دەتوانن خزمەتی زیاتر بەو حکومەتە بکەن. لە ڕاستیدا ئەمەریکا دەتوانێت لەم ڕووەوە یارمەتی عێراق بدات، بەڵام ئەمە بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیان، بۆچی دەبێت هەمیشە عێراقییەکان چاویان لەدەستی ئەمەریکا بێت، واتە دەبێت لەم ڕووەوە عێراقییەکان بەرەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەستێوەردانی دەوڵەتە دەرەکییەکان، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا ناتوانێت لەبری ئەوان ئەم کارە بکات، چونکە هەندێ جار ئەمەریکا بەرژەوەندی خۆی هەیە، بۆ هێنانەدی ئەم بەرژەوەندییانەش بەرژەوەندییەکانی عێراق پشتگوێ دەخات، کەواتە هیچ کەسێك وەك عێراقییەکان ناتوانێت دڵسۆز و پەرۆشی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی عێراق خۆی بێت.

*** ئەگەر پێکهێنانی حکومەتی عێراق کەوتە دوای مانگی ئابەوە، کە وادەی کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك کاریگەری خراپی لەسەر ئیدارەی مالیکی لە ڕووی کاردانەوەی ڕای گشتی ئەو وڵاتەوە(ئەمەریکا) دەبێت؟**

- پێموایە تەنها ئەو کاتە سەرۆك ئۆباما دەتوانێت ئەم بڕیارە پێچەوانە بکاتەوە ئەگەر هاتوو بارودۆخەکە بە چەشنێك ئاڵۆزبوو کە توندوتیژیی و پشێوی بە چەشنێك بەرەو هەڵکشان چوو کە عێراقیەکان داوا لە ئەمەریکا بکەن هێزەکانی لە وڵاتەکە نەکێشێتەوە، بەڵام پێموانیە ئەمە لە بەرژەوەندی عێراقییەکان بێت، لەبەر ئەوە دەبێت هەوڵبدەن چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە بەچەشنێك ئەمەریکا ناچار نەبێت بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی جێبەجێنەکات.

*** دوا وتەت چیە؟**

- متمانەم بە خەڵکی عێراق هەیە، لەبەر ئەوەی لە ماوەی یەك دوو ساڵی ڕابردودا توانیویانە کار بۆ هێنانەدی حکومەتێکی دیموکرات و یەکگرتوو بکەن، هەروەها پێموایە لەم ڕووەوە بەرپرسیارێتیەکی تایبەتی دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردە سیاسییەکان بۆ ئەوەی حکومەتێك پێکبهێنن کە خاوەنی شەرعیەت بێت و ڕەنگدانەوەی تێکڕای پێکهاتەکانی وڵاتەکە بێت، ئەو کاتە دەتوانن دەرفەت بۆ هێزە دەرەکییەکان بڕەخسێنن لە وڵاتەکە بکشێنەوە، هەروەها ئەو کاتە دەتوانن هێزە تیرۆریستیەکان ببەزێنن، لە ئەنجامدا نەك هەر تەنها ئاشتی و ئارامی لە وڵاتەکەیاندا بەرپا دەکەن، بەڵکو ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی ئاشتی لە تەواوی ناوچەکەشدا دەبێت.

**و بێبەشکردنی کوردەکان دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان دوچاری توندوتیژی ببنەوە**

**بۆچی دەبێت هەمیشە عێراقییەکان چاویان لەدەستی ئەمەریکا بێت ، هەندێ جار ئەمەریکا بەرژەوەندی خۆی هەیە ، بۆ هێنانەدی ئەم بەرژەوەندییانەش بەرژەوەندییەکانی عێراق پشتگوێ دەخات**

پرۆفیسۆر تریســـتان جامیس مابری بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسەتی دەرەوەیە لە زانکۆی بەرگری ئاسایشی نیشتمانی و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، بۆ قسەکردن لەســـەر رەوشی سیاسی عێراق دوای هەڵبژاردنەکان و ئەو تەقینەوانەی چەند رۆژی رابـــردوو لـــە بەغدا روویاندا، پرۆفیســـۆر مابری بەمجـــۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

**تریستان مابری بۆ گوڵان:**

# ئەم تەقینەوانە بە چەشنێک ئەنجامدراون کە دەتوانین بڵێین ڕێکخراوێکی دیاریکراو لە پشت ڕێکخستن و جێبەجێکردنیانەوە

هێشتا کەسانێک لە نێو عەرەبی عێراقدا هەن کە کار بۆ قوڵکردنەوەی گومان لەسەر شەرعیەتی ئەو سیستمە سیاسییە دەکەن کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێنەوە دروست بووە

*** چۆن بارودۆخی عێـــراق دەبینیت دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان؟**

- لە ڕاســـتیدا ئەوەی جێی سەرنج بێت لەم هەڵبژاردنانەدا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە هەرێمی کوردســـتانەوە سەرهەڵدانی لایەنی ســـێیەمە لەم هەرێمەدا، لەبەر ئەوەی پێشتر تیرِوانینەکە بەو شێوەیە بوو کە هەردوو پارتی سەرەکی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشـــتمانی کوردستان) ڕێگە بە ململانێیەکـــی ڕاســـتەقینە نـــادەن، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوەیان خســـتەڕوو کە پابەندبوونێکی بەهێز هەیە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و کـــراوە و عادیلانە و ئەمەش شتێکی ئیجابییە.

*** لـــە دوای ئاشـــکراکردنی ئەنجامـــی هەڵبژاردنەکانەوە زنجیرەیەك تەقینەوە ڕوویاندا لە عێراقدا و ئەمەش یەکێکە لە دەرهاویشتە خراپ و ســـلبییەکان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئـــەم تەقینەوەو توندوتیژیانە دەبنەهۆی ئاڵۆزکردنی پرۆسە سیاسییەکە؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، من پێم وایە هێشتا کەسانێك لە نێو عەرەبی عێراقدا هەن کە کار بۆ قوڵکردنەوەی گومان لەســـەر شەرعیەتی ئەو سیستمە سیاســـییە دەکەن کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێنەوە دروست بووە. لە لایەکی دیکەوە ئێمە ئەو ڕاســـتییە دەزانیـــن کە لە سیســـتمی دیموکراســـیدا جیاوازییەکان لە چوارچێوەی سیســـتمەکەدا یەکلادەکرێنەوە، بۆ نموونە لە ڕێی هەڵبژاردن یاخود ڕاپرســـییەوە، لەم ڕوانگەیەوە پەنابردن بـــۆ ئەنجامدانـــی تەقینـــەوە و توندوتیژی ناچنـــە چوارچێـــوەی ئالییەت و شـــێوازە دیموکراتییەکانـــەوە. هەروەهـــا ئەوەی جێی ســـەرنجە ئەوەیە ئەم تەقینەوانە بە چەشنێك ئەنجامـــدران کە دەتوانین بـــەو دەرئەنجامە بکەین کە ڕێکخراوێکی دیاریکراو لە پشـــت ڕێکخســـتن و جێبەجێکردنیانـــەوە، چونکە ئەمانـــە ڕووداوی هەڕەمەکی و جەماوەری نەبوون بە چەشنی ئەوەی لە ئێران لە دوای هەڵبژاردنە ســـەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتەوە ڕوویدا.



*** هەندێ لـــە چاودێران پێیـــان وایە ئەم تەقینەوانە پەیوەســـتن بە هەڵبژاردنەکانەوە، واتە بە ئامانجی پەکخســـتنی هەوڵەکانی پێکهێنانـــی حکومـــەت ئەنجامـــدراون، هەندێکـــی دیکەیان پێیان وایە بۆ فشـــار دروســـتکردنە، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- مـــن پێم وایە ئـــەوەی ئێـــوە ئاماژەی پێدەکـــەن ڕاســـت و دروســـتە، واتـــە من باوەڕم وایـــە کاتێك لایەنێك یان گروپێك بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان خۆشـــحاڵ نییە و پەنا بۆ توندوتیـــژی و تەقینەوە دەبات، ئەوا دەگەینە ئـــەو ئەنجامەی کە تێکڕای شەرعییەتی دەوڵەتەکە ڕووبەڕووی گومان و تەحەددای بۆتەوە، واتە سەرەڕای ئەوەی هەڵبژاردنەکان بە باشی بەڕێوەچوون، بەڵام ئەم ڕووداوانە ئاماژەن بۆ جیاوازییە بنەڕەتی و گەورەکانی نێوان شیعە و سوننەکانە، لەم ڕوانگەیەوە من بـــاوەڕم وایە هێنانە ئارای دیموکراسییەتێکی پتەو لە مەودای دووردا لە عێراقدا کارێکی ئاسان نییەو ڕێگایەکی دورودرێژی لە پێشـــە، کـــە من لەم ڕووەوە پتر بە ئەزمون و دۆخی هەرێمی کوردستان گەشبینم، بە تایبەتی لە ڕووی هەوڵەکانی هێنانەدی دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینە لەم هەرێمەدا.

*** ئومێـــدی ئەوە هەیە کـــە هەموو لایەك لە مەترســـی بارودۆخەکە و لە مەترســـی ڕێکنکەوتن و یەکلانەکردنەوەی جیاوازییەکان**

ئەمەریکا ناتوانێت بەرگی شەرعییەت بە باڵای دەوڵەتی عێراقیدا بکات

**به شێوەیەکی ئاشتیانە تێبگەن، چونکە ئێمە ئەوەمان بەدی کرد کە تێکڕای لایەنەکان ئیدانەی ئەم کارانەیان کرد، واتە نیگەرانی ئەوە هەیە بارودۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ و دووبارە شەڕی تائیفی سەرهەڵبداتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن لایەن و پێکهاتە سیاسییەکانی وڵاتەکە دەتوانن بەسەر ئەم کۆسپانەدا زاڵبن و ڕێگری لە دووبارە بەرپابوونەوەی شەڕی ناوخۆی لە وڵاتەکەدا بگرن؟**

- من پێم وایە ئەمە لە بەشێکی سەرەکیدا دەوەستێتەسەر هەڵوێست و کاردانەوەی سوننەکان، مەبەستم ئەوەیە لە کاتێکدا سوننەکان کە لە سەدا ١٥ دانیشتوانی وڵاتەکە پێکدەهێنن حکومڕانێتی وڵاتەکەیان دەکرد و ئێستا لە دەرەوەی دەسەڵاتدان، ئەوا یان ئەو ڕاستیە قبوڵ دەکەن کە ئەوان کەمینەن، یاخود هەموو هەوڵێك دەخەنەگەڕ بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەوەی پێیان وایە مافی ڕاستەقینەی خۆیانە، کە من پێم وایە ئەگەر لەم ڕووەوە پەنا بۆ توندوتیژی و تەقینەوە و تۆڵەسەندنەوە ببەن ئەوا دۆخێکی مەترسیدار دروست دەبێت و ئەگەر ئەمە ڕوویدات ئەوا من زۆر ڕەشبین دەبم بە ئایندەی وڵاتەکە، لەگەڵ ئەوەشدا، من دڵنیانیم سوننەکان چۆن ڕەفتار دەکەن و چ کاردانەوەیەکیان دەبێت.

*** هەوڵەکانی پەکخستنی پێکهێنانی حکومەت دەبێتەهۆی هەرەسهێنانی پرۆسە سیاسیەکە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی سیاسەتی ئەمەریکا شکست بهێنێت لە عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمەریکا ئەم پرسە بە جیدی وەردەگرێت و ڕێگە لە شکستهێنانی سیاسەتەکەی دەگرێت لە عێراقدا؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنها دەتوانێت پشتگیری لە دەوڵەتی عێراق بکات، واتە دەبێت شەرعیەتی ئەم دەوڵەتە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی عێراقی خۆی بێت، مەبەستم ئەوەیە ئەمەریکا ناتوانێت بەرگی شەرعییەت بە باڵای دەوڵەتی عێراقیدا بکات.

*** ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین کە ڕای گشتی ئەمەریکا لەگەڵ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراقدا، بەڵام ئەگەر هاتوو توندووتیژییەکی بەربڵاو لە عێراقدا ڕوویدا بە چەشنێك ئەمەریکا نەیتوانی پاشەکشە بە هێزەکانی بکات، ئایا هەڵوێستی ڕای گشتی ئەمەریکا چی دەبێت لە ئاست ئیدارەی ئۆبامادا، ئەمە لە کاتێکدا بەشێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئۆباما پەیوەست بوو بە بەڵێندان بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- لە ڕاستیدا بەشێك لە ڕای گشتی ئەمەریکا پێیان وایە دەبوو هەر لە بنەڕەتدا ئەمەریکا هێزەکانی ڕەوانەی عێراق نەکردایە، هەروەها بە شێوەیەکی گشتی من پێم وایە تیروانینی ڕای گشتی لە ئەمەریکا ئەوەیە پێویستە ئەو هێزانە پاشەکشەیان پێبکرێت ئەگەرچی لە دوای ئەو کشانەوەیەش کێشە لە عێراقدا ڕووبدات، چونکە پێیان وایە ئەمە کێشەی عێراقیەکان خۆیانە و دەبێت خۆیان چارەسەری بکەن، لەبەر ئەوەی پێیان وایە ئەمەریکا هەرچی لە توانایدا بووە بۆ عێراقییەکان ئەنجامی داوە و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تەرکیزی زیاتر لەسەر ئەفغانستان بکرێت.

*** ئێمە دەزانین کە دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لە عێراقدا ڕەنگدانەوەی سلبی لێکەوتۆتەوە، بە چەشنێك هەندێ کەس تەقینەوەکان پەیوەست دەکەنەوە بەم دەستێوەردانانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك هەڵکشانی توندوتیژی لەم ڕۆژانەی دوای لە عێراقدا پەیوەستە بە دەستێوەردانی ئەم دەوڵەتانەوە؟**

- من نازانم تا چ ڕاددەیەك ئەم دەوڵەتانە دەستێوەردان دەکەن، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەگەر بەڵگەی زیاتر لەسەر دەستێوەردان و دەستیرۆیشتوی ئێران لە عێراقدا هەبێت ئەوا ئەمەریکا درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات، نەك بە ئامانجی دوورخستنەوەی دەستێوەردان لە عێراق، بەڵکو بە ئامانجی ئیحتیواکردن و ڕێگرتن لە درێژبوونەوەی کاریگەری و دەسترۆیشتووی ئێران لە ناوچەکەدا، من پێم وایە لەم حاڵەتەدا ئیدارەی ئەمەریکا، نەك ڕای گشتی تەرکیزی زیاتر دەکەن لەسەر مانەوەیان لە عێراقدا.

*** بەڵام ئێران دەسترۆیشتوییەکی زۆری هەیە لە عێراقدا و هەوڵی یەکخستنی مالیکی و ئەلحەکیم دەدات بۆ ئەوەی دووبارە دەسەڵات بگرنەوە دەست، ئایا هەڵوێستی ئەمەریکا چی دەبێت لەم ڕووەوە؟**

- من باوەڕم وایە ئەگەر ئامانجی ئیدارەی ئەمەریکا لە مەودای دووردا هێنانەئارای عێراقێکی سەقامگیر بێت ئەوا دەبێت پرسی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتی سوننە و شیعەکاندا یەکلابکاتەوە، مەبەستم ئەوەیە لە عێراقدا ناتوانیت هەموو لایەك خۆشحاڵ بکەیت، لەبەر ئەوەی ئەگەر سوننەکان ڕازی بکەیت ئەوا ئەم کارە دەبێتەهۆی تووڕەکردن و نیگەرانکردنی شیعەکان و بە پێچەوانەوشەوە، لەبەر ئەوە (ئەگەرچی ئەمە تەنها ڕاوبۆچونی شەخسی خۆمە) من پێم وایە ئەگەر ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە دەسترۆیشتووی ئێران لە عێراقدا ئیحتیوابکات ئەوا دەبێت کار بۆ ڕازیکردنی شیعەکان بکات.

*** ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە هەرەسبهێنێت و عێراق ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو، ئایا چارەنووسی ئەم دەوڵەتە چی دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئەوە دیاری بکەین کە شکستهێنانەکە لە چ ڕوویەکەوە دەبێت، ئایا لە ڕووی دۆخی ئەمنییەوە دەبێت یاخود لە مەسەلەی سنوری وڵاتەکە، یاخود لە شکستهێنانی حکومەت لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، بۆ نموونە بەنگلادیش بە وڵاتێکی شکستخواردوو دادەنرێت لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە پێداویستی خەڵکی وڵاتەکە بهێنێتەدی، ئەمە لە کاتێکدا لە پاکستان کێشەی ئیتنی هەیە، بە هەمان شێوە لە عێراقیشدا ئەگەر دۆخەکە بە ئاڕاستەیەکدا ڕویشت کە بەرەو لێکهەڵوەشانەوە چوو لەسەر بنەمای ئیتنی ئەوا کوردەکان کێشەیان نییە، بەڵام لەم کاتەدا شیعە و سوننەکان دژی یەکتری دەوەستنەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- بەم دواییە وتارێك لە نیویۆرك تایمز بڵاوکرایەوە و باسی لەوە دەکرد نابێت کوردەکان لە کەرکوك نزیك ببنەوە، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی ناسەقامگیکردنی دۆخەکە و ئەو کاتە کوردەکان دەبنە بەشێك لە کێشەکە نەك بەشێك لە چارەسەر، من هاوڕام نیم لەگەڵ ئەم لێکدانەویەدا و من پرسیاری ئەوە دەکەم، لە کاتێکدا کە کوردەکان ئەمەریکایان خۆش دەوێت و سیستمێکی سەقامگیریان هەیە لە هەرێمەکەیاندا ئەوا گەڕانەوەیان بۆ کەرکوك چ کێشەیەك دروست دەکات و چ لایەنێکی سلبی هەیە؟ من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەندێ کەس_نەك هەموو کەس_ لە ئەمەریکا تەقدیری ئەوە ناکەن کە کوردەکان چ هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمەریکا و چۆن ئەمەریکا دەتوانێت ئەم هاوپەیمانێتیە وەك سەرمایەیەك بەکاربهێنێت.

ئەگەر بەڵگەی زیاتر لەسەر دەستێوەردان و دەستیرۆیشتوی ئێران لە عێراقدا هەبێت ئەوا ئەمەریکا درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات

لە عێراقیشدا ئەگەر دۆخەکە بە ئاراستەیەکدا ڕویشت کە بەرەو لێکهەڵوەشانەوە چوو لەسەر بنەمای ئیتنی ئەوا کوردەکان کێشەیان نییە، بەڵام لەم کاتەدا شیعە و سوننەکان دژی یەکتری دەوەستنەوە

خاتوو فیبی مار ئەندامی ئەنجومەنی سیاسەتی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و ئەندامی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەیە و پێشتریش ئوستادی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی تێنسی، خاتوو فیبی مار پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و دەوڵەتانی کەنداو و مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تازەترین کتێبیشی لەسەر مێژووی هاوچەرخی دەوڵەتی عێراق نووسیوە، سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی عێراق و ئاراستەی ڕەوشی سیاسیی عێراق بۆ ئایندە، پرۆفیسۆر مار بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

**فیبی مار بۆ گوڵان:**

# تەقینەوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو لەگەڵ ئەوەی نازانرێت کێ ئەنجامیداوە، بەڵام زیاتر لە کارە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە دەچێت

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان جێی سەرنج بوون، بە تایبەتی لە رووی کاڵکردنەوەی دابەشبوونی ئیتنی و تائیفیەوە

*** بەڕێزت وەك پسپۆڕێك لەسەر دۆسیەی عێراق زۆر بە وردی چاودێری ڕەوشی سیاسیی عێراق و گۆڕانکارییەکان دەکەیت، بۆیە ئێمە پرسیاری خۆمان لەو خاڵەوە دەست پێدەکەین، ئایا بە رای تۆ ئاراستەی گۆڕانکاریەکان عێراق بەرەو کوێ دەبات؟**

- لە ڕاستیدا هێشتا ئێمە دڵنیانین کە دۆخەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، بەڵام پێموایە هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی گشتی باش بەڕێوەچوون، هەرچەندە هەندێ نارێکی ڕوویاندا، بەڵام نەبوونە هۆی ئەوەی کاریگەری گەورەیان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبێت. هەروەها ئەنجامی هەڵبژاردنەکان جێی سەرنج بوون، بە تایبەتی لە رووی کاڵکردنەوەی دابەشبوونی ئیتنی و تائیفیەوە، واتە فرەییەکی زیاتری هێنایە ئاراوە، بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستاندا بزووتنەوەی گۆڕان دروست بوو، ئەمە بەو مانایە دێت کە خەڵکی ئیختیاری جیاوازیان لەبەردەمدایە، کەواتە لەم ڕووەوە تا رادەیەك خۆشحاڵم بە ئەنجامەکان، ئەگەرچی نزیکی ڕێژەی




لایەنەکان دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی حکومڕانێتیکردن لە عێراقدا زۆر زەحمەت بێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کێشەگەلی گەورە ماون لە عێراقدا و پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە، بۆ نموونە ئایا چ جۆرە حکومەتێك لە عێراقدا پێکدەهێنرێت، هیوادارم حکومەتێکی دیموکراسی بێت و سوپا دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی نەکات. هەروەها ئایا چۆن کێشەی کەرکوك چارەسەردەکرێت، لەبەر ئەوە لەم ڕووەوە نادڵنیاییەك هەیە.

عێراق ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ کە لەو ساڵانەدا توندوتیژی و تەقینەوە لەوپەڕی هەڵکشاندابوو

*** بەڵام لەچەند ڕۆژی ڕابردوو و دوای ئەو زنجیرە تەقینەوانەی ڕوویاندا، خەریکە ڕەوشی عێراق خوێندنەوەی دیکەی بۆ دەکرێت و جۆرێك لە ڕەشبینی و نائومێدی لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق دێتە ئاراوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی لە بەڕێزت بپرسم ئایا بەڕێزتان ئاگاداری ئەو زنجیرە تەقینەوانەن کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ڕوویانداوە؟**

- بەڵێ ئاگاداری ڕوودانی ئەم تەقینەوە و توندوتیژیانەم، هەروەها ئەو ڕاستیە دەزانم کە ئەم تەقینەوانە زۆر مەترسیدران، بە تایبەتی کە خەڵکانی مەدەنیان کردۆتە ئامانج، بەڵام پێموایە و هیواداریشم پێشبینیەکەم ڕاست بێت کە عێراق ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ کە لەو ساڵانەدا توندوتیژی و تەقینەوە لەوپەڕی هەڵکشاندابوو.

*** هەندێ لە چاودێران پێیانوایە ئەم تەقینەوانە پەیوەستن بە ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانەوە، ڕاوبۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا دڵنیام نیم لەوەی دەقا و دەق چ لایەن و گروپێك لە پشت ڕێکخستن و ئەنجامدانی ئەم تەقینەوانەن، ڕەنگە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بێت، واتە هێشتا لەم ڕووەوە ناڕۆشنییەك هەیە. دواتر باوەڕم وانییە ئامانجی ئەم تەقینەوانە فشاردروستکردن بێت لەسەر لایەنێك بۆ ئەوەی ڕێگری لە پێکهێنانی حکومەت نەکات، واتە مەسەلەکە ئەوەنییە ئەمانە دژی مالیکی و دۆستی عەللاوی بن، ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم، ئەوا لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا نیم، بەڵکو بە تێڕوانینی من ئامانجی ئەم کەسانە ناسەقامگیرکردنی عێراق و دروستکردنی دڵەڕاوکێ و نادڵنیاییە لە عێراقدا و ئەم کەسانەش ئەم تەوقیتەیان بە گونجاو زانیوە بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجامبدەن. لەبەر ئەوە هیوادارم لایەنە سیاسییەکان جیاوازی و کێشەکانی خۆیان یەکلابکەنەوە، هەروەها ئومێدەوارم سوپای عێراق وەك سوپایەکی موحتەریف هەڵسوکەوت بکات و جیاوازیە ئیتنی و تائیفییەکان تێپەڕێنێت و کار بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخە بکات، بۆ ئەوەی ڕوودانی لەم چەشنە دووبارە نەبنەوە.

*** تۆ ئەو پێشبینیەت پێ ڕاگەیاندین کە زەحمەتە عێراق بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو بازنە توندوتیژییەی کە لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ پێیدا تێپەڕی، بەڵام ڕێگرتن لە گەڕانەوە بۆ ئەو ساڵانە پێویستی بەوە هەیە لایەنە سیاسییەکانی عێراق هەست بە مەترسی بارودۆخەکە بکەن و لەسەر مەسەلە سەرەکییەکان ڕێکبکەون، ئایا تا چەند لەم ڕەووە پێتوایە عێراقیەکان هەست بەم مەترسیە دەکەن؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئێمە دڵنیانین چ لایەنێك ئەم کارەیان ئەنجامداوە، ڕەنگە هەندێ لایەنی رادیکاڵی شیعەبن کە ئێران یارمەتیان دەدات، بەڵام پتر پشتگیری ئەم لێکدانەوەیە دەکەم کە پێیوایە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ئەم کارەیان ئەنجامداوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە هیچ لایەنێك لە عێراقدا پشتگیری ئەم ڕێکخراوە ناکات و ئەمەش خاڵێکی ئیجابیە و هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گروپانە. لە لایەکی دیکەوە دەبێت خەڵکی عێراق ئەو ڕاستیەیان لەبەرچاوبێت کە دیموکراسی پشێوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و نادڵنیایی لێدەکەوێتەوە و ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کاتە و لە شەو و ڕۆژێکدا نایەتەدی، لەبەر ئەوە دەبێت پشوودرێژبن و ئارامگربن و نابێت ئەم تەقینەوە و ڕووداوە توندوتیژیانە نائومێد و بێهیوایان بکات.

*** هەوڵەکانی پەکخستنی پێکهێنانی حکومەت دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی پرۆسە سیاسییەکە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا شکست بهێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەمەریکا ئەم پرسە بە جدی وەردەگرێت و ڕێگە لە شکستهێنانی سیاسەتەکەی لە عێراقدا دەگرێت؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە ئیدارەی ئەمەریکا بە چەشنی ڕابردو گرنگی و بایەخ بە عێراق نادات، لەبەر ئەوەی عێراقیەکان خۆیان پێداگیریان لەسەر گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی و سەروەریی کرد و ئێستا دەرفەتەکە بۆ عێراقییەکان ڕەخساوە و ئەگەر لەم ڕووەوە هەڵەش بکەن، ئەوا دەبێت خۆیان کار بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وانییە ئەمەریکا بە ڕەوتێکی خێرا هێزەکانی لە عێراقدا پاشەکشە پێبکات، بەڵکو ئەم کارە بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ ئەنجام دەدات، هەروەها حاڵی حازر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدان و تا ماوەیەکی دیکەش دەمێننەوە و ئامادەن بۆ هەر هاوکارییەکی ئەمنی و هەواڵگری بۆ ئەوەی یارمەتی عێراق لە کۆنترۆڵکردنی دۆخە ئەمنیەکەدا بدەن. لەبەر ئەوە ئەمەریکا عێراقی پشتگوێ نەخستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت عێراقییەکان فێری ئەوەبن بەرپرسیارێتی بگرنەئەستۆ و خۆیان هەڵبستن بە چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەگەر پێوستیان بە یارمەتی هێزەکانی ئەمەریکا هەبوو، ئەوا ئەو هێزانە لە وڵاتەکەدان و ئەگەر داوایان لێبکەن وڵاتەکە جێبهێڵن ئەوا دەکشێنەوە.

* ئایا تا چ رادەیەك هەڵکشانی توندوتیژی لەم ڕۆژانەی دوایی لە عێراقدا پەیوەستە بە دەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێی عێراقەوە؟

- لە ڕاستیدا ئەمەریکا هەموو کارێك کە مومکین بێت بۆ ڕاگرتنی ئەم دەستێوەردانانە کردویەتی، کە ئەم دەستێوەردانانەش بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەنجامدەراون، بۆ نموونە ئێران لە ڕووی سیاسییەوە دەستێوەردان دەکات، کە لەم دواییەدا سەرکردە سیاسییەکانی عێراق سەردانی ئێرانیان کرد، بەڵام لەو باوەڕەدانیم تەقینەوەکانی ئەم دواییە بەهۆی دەستێوەردانی ئێرانەوە بوبێت، بەڵکو زیاتر جێی پەنجەی ئەلقاعیدەیان لەسەر دیارە.

*** ئێمە ئەو ڕاستیە دەزانین کە ڕای گشتی ئەمەریکا لەگەڵ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراقدا، بەڵام ئەگەر هاتوو توندوتیژیەکی بەربڵاو لە عێراقدا ڕوویدا بە چەشنێك ئەمەریکا نەیتوانی پاشەکشە بە هێزەکانی بکات، ئایا هەڵوێستی ڕای گشتی ئەمەریکا لە ئاست ئیدارەی ئۆبامادا چی دەبێت، ئەمە لە کاتێکدا بەشێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئۆباما پەیوەست بوو بە بەڵێندان بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ڕای گشتی ئەمەریکا خوازیاری ئەمە نین و لە ڕاستیدا تا ئێستا داوا لە ئیدارەی ئەمەریکا نەکراوە هێزەکانی لە عێراقدا بهێڵێتەوە.

*** ئێمە پرسیارەکانمان تەواو بوو، بەڵام بەڕێزت ئەگەر شتێکت مابێت دەتوانیت بە خوێنەرانی ئێمەی بگەیەنیت؟**

- تکا لە خەڵکی عێراق دەکەم کە جیاوازییەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە یەکلابکەنەوە، هەروەها پتر نیگەرانم لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە کێشەیەکی جدیترە لە کێشەی نێوان شیعە و سوننە، چونکە باوەڕم وایە لە مەودای دووردا عەرەبەکان نابنە پاشکۆی ئێران، لەبەر ئەوە دەبێت بایەخی زیاتر بە کێشەی کەرکوك بدرێت.

**باوەڕم وانییە ئەمەریکا بە ڕەوتێکی خێرا هێزەکانی لە عێراقدا پاشەکشە پێبکات**

**چونکە باوەڕم وایە لە مەودای دووردا عەرەبەکان نابنە پاشکۆی ئێران، لەبەر ئەوەدەبێت بایەخی زیاتر بە کێشەی کەرکوک بدرێت**